# ( هەزار و یەك شەوە) و ( شەوی هەزارو دووەم ) ی محەمەد مەولود ـ مەم ـ لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی بەراوردکارییە

**د. دەریا جمال حەوێزی**
**مامۆستا زانکۆی کۆیە**

**م. ی. سەنگەر نازم حسین**
**مامۆستای یاریدەدەر. زانکۆی کۆیە**

**پێشـەکی:**

فۆلکلـۆر بەشـێکی گرنـگ لـە ئـەدەبی نەتـەوەکان پێکـدەهێنێت، بریتییـە لـەو بەرهەمە ئەدەبییانەی بەشێوەیەکی زارەکی و پشتاوپشت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیـەکی تـرو لـە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی تـر بـە نـەمری دەمێننـەوە. یەکێک لە لقەکانی ئـەدەبی فۆلکلـۆر بریتییە لـە چیرۆک، ئـەم هونـەرە بەشـێکی گرنگـی لـە ژیـانی مرۆڤـی کۆمـەڵگا سـەرەتاییەکان پێکـدەهێنا، و تـا سـاڵانی سەرەتای سـەدەی بیسـتەمیش ئـەم بایەخـەی هـەر هـەبوو، تـا خوێندەواری و تەکنـەلۆجیا شـوێنی فۆلکلـۆری گرتـەوە، فۆلکلـۆر بـە هـەموو بەشـەکانییەوە رۆڵێکـی گـەورە دەبینێـت لـە ئاراسـتەکردنی کۆمـەڵگا بـەرەو رێگـەی راسـت و ئامۆژگاریکردنییان بۆ رووکردنە چاکەو دوور کەوتنەوە لە کردارە دزێوەکان، هەر لەم روانگەیەوە ئەم لێکۆڵینەوە قسە لەسەر ئەوە دەکات کە ئـەم کۆمەڵـە چیرۆکـــە فۆلکلۆرییـــەی لـــەناو میللـــەتانی رۆژهـــەڵات کۆکراوەتـــەوەو لـــە چوارچێوەی کتێبێکدا بـە نـاوی ( هـەزارو یـەک شـەوە) بڵاوکراوەتـەوە، چۆن کاریگەری بەسەر گەلی کوردەوە هـەبووەو چۆن لـە چیرۆکێکی کوردیدا ئـەم کاریگەرییە بەرجەستە بووە، لێکۆڵینەوەکە لێکۆڵینەوەیـەکی بەراوردکارییـە لـە نێوان چیرۆکی (شەوی هەزارو یـەک) لـە کتێبی هەزارویـەک شـەوەدا، لەگـەڵ چیرۆکـی (شـەوی هـەزارو دووەم)ی محمد مولـود ـ مـەم. لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا هەوڵدراوە لەسـەر بنەمای میتۆدی وەسفی شیکاری بـەرەو بـەراورد کردنێکی ئەدەبی بچین و لـە رێگـەی پەنجـە راکێشـان بـۆ خاڵـە لێکچـوو و جیاوازەکـانی ئەم دوو بەرهەمە، سوودێک بە بواری ئەدەبی بەراوردی کوردی بگەیـەنرێت. شـایانی ئامـاژە پێکردنـە هەرچەنـدە بـەراوردی ئـەدەبی گرنگـی کـەمتر نییـە لـە

بەشەكانی تری ئەدەب، بەداخەوە سەرەرای ئەم پێشكەوتنەی كە ئەدەبی كوردی لە دوای راپەرین بەخۆیەوە دیتووە، بایەخێكی ئەوتۆ بەم بابەتە تەرخانكراوە، پێویست بوو زیاتر بایەخ بەم بەشەی ئەدەب بدرێت.

لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت، لە شێوەی ئەوەی ئایا دەكرێت ئەم لێكۆڵینەوەیە بەو جۆرەی بەراوردی ئەدەبی ناو بنرێت كە بە (تیماتۆلۆجیا) ناودەنرێت؟ لە وەلآمدا دەگوترێت: لە پێناسەی ئەم جۆرەی بەراوردی ئەدەبیدا عەزیز گەردی دەڵێ:" ئەمەش وا دەبێ كە بۆ نموونە كەسایەتی كابرایەكی مێژوویی یان ئەفسانەیی وەربگرێ لە نێوان دوو ئەدەبدا بەراوردی بكاو لێی بكۆڵێتەوە"( گەردی، ١٩٨٧ ز، ل. ٩٨، ٩٩)، جا لەبەرئەوەی لێرەدا هەر بە دەركەوتنی ناوی شەهرەزاد ناوەستین، بەڵكو كارەكە بریتییە لە دیاریكردنی لێكچوون و جیاوازی نێوان دوو چیرۆک و ناچێتە ژێر خانەی (تیماتۆلۆجیا)ەوە.

بەشێوەیەكی گشتی لێكۆڵینەوەكە بەسەر سێ بەشدا دابەش دەبێت، لە بەشی یەكەمدا لە ژێر ناونیشانی: ( چەمكی بەراوردی ئەدەبی، روانینێكی تیۆرری)، لە ژێر چەند سەرە بابەتێكدا قسە لە بارەی چەمک و زاراوەو پێناسەو مێژووی بەراوردی ئەدەبی بەرچاو دەكەون، لە بەشی دووەمدا بەناونیشانی ( پوختە باسێكی هەردوو چیرۆكەكە)، كورتەیەک لە هەردوو چیرۆكەكەو چەند زانیارییەكی پێویست سەبارەت بە هەردوو دەقەكە خراونەتە روو، لە بەشی سێیەمیشدا كە بە (بەراودێک لە نێوان هەردوو چیرۆكدا) ناونراوە، خاڵە هاوبەش و جیاوازەكانی نێوان هەردوو چیرۆک دەستنیشانكراوە، دواتریش ئەنجامی لێكۆڵینەوەكە و لیستی سەرچاوە بەكارهاتووەكان و پوختەی لێكۆڵینەوەكە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی رێزبەند كراون.

## بەشی یەكەم :

### ١. ١ چەمكی بەراوردی ئەدەبی، روانینێكی تیۆری

ئەمرۆ لە ئەدەبی گەلاندا بەراوردی ئەدەبی بە بەشێكی گرنگی ئەدەب ئەژمار دەكرێت، ئەم بەشەی ئەدەب " مێژوویەكی كورتی نییە، بەڵكو لە سەدەی هەژدەهەمەوە هاتۆتە كایەوە و زانای فەرەنسی (میورال) لە ساڵی ١٧٢٥ بەكاریهێناوە، وە زانای ئینگلیزی (أندریو) لە ساڵی ١٧٨٥، هەروەها لە

گۆڤارو ڕۆژنامه فەرەنسییەكانی ئەم سەردەمە بەكارهاتووە"( یونس و خلف، ١٩٨٧ ز ، ل. ٥٧)، لە ڕاستیدا جۆرەكانی دیكەی مەعریفە لە پێش سەدەی نۆزدەمدا سوودییان لە بەراورد وەرگرتووە، بەڵام لە بواری ئەدەبدا تا چارەگی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەم دەرنەكەوتووە، دیاریكردن، یان دەركەوتنی ئەو جۆرە ئەدەبە بە جۆرە كێشەیەك، یا گرفتێك داندراوە، ئەمەش لەبەر تێكچرژاوی زاراوەو چەمكەكەی بە پێی قوتابخانە جیاوازەكانی بەراوردەوە، چونكە هەر قوتابخانە و ئاراستەیەكی ئەدەبی بەراورد جۆرە زاراوە و پێناسەیەك پەسەند دەكات كە جیاوازە لەوەیتریان.

لە ڕووی زاراوەوە، زاراوەی بەراوردی ئەدەبی لای فەرەنسییەكان (comparee de litterrature) (اژر، ١٣٨٧ ه ، ٢٠) بۆ بەكاردێت، لای ئەڵمانەكانیش زاراوەی (iteratur vergleichenle) و ئیتالییەكانیش (comparate aaliteratu)، هەرچی ئینگیزو ئەمریكییەكانن زاراوەی (literatur comprative)( علوش، ١٩٨٧، ل. ١٩) یان بۆ بەكاربردووە، ڕووسەكانیش هەردوو زاراوەی (atupaliter cpabtlemenbhar) و ئیپسانەكانیش (compara litteratura) یان بۆ داناوە. لای عەرەبەكانیش زاراوەی (الادب المقارن)و لای فارسیش زاراوەی (ادبیات تگبیقی) و لە زمانی كوردیشدا (بەراوردی ئەدەبی، ئەدەبی بەراورد، ئەدەبی بەراوردكاری) بەرچاو دەكەوێت ( شوان، ٢٠١٤، ل. ١٤).

بە ڕوونی دیار نییە كێ یەكەم كەس بووە زاراوەكەی بەكارهێناوە، بەڵام زۆربەی لێكۆڵەران كۆكن لەسەر ئەوەی كە لە فەرەنسا سەریهەڵداوە، (پۆل ڤان تیگم) لەو باوەڕە دایە، كە زاراوەی ئەدەبی بەراورد لە ساڵی ١٨٢٧ز. لە فەرەنسا سەریهەڵداوە لەو كاتەی كە (فرانسوا ڤیلمان) لە وانە زانكۆییەكانیدا بەكاریهێناوە (مبروک، ٢٠٠٦، ل.٤٠). هەرچەندە پێش ئەویش لە ساڵی ١٨١٦ (لابلاس و فراسوا نۆبڵ) زاراوەی ئەدەبی بەراوردییان لە كتێبەكەیان (چەند وانەیەك لە بارەی ئەدەبی بەراورد) دا بەكاریانهێناوە، كە پێكهاتبوو لە هەڵبژاردەیەك دەقی ئەدەبی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیتاڵی، بەڵام لە تەواوی جیهاندا زۆر لە شارەزایانی ئەم بوارە، لەو باوەڕەدان، كە (ڤیلمان) یەكەم كەس بووە بە شێوەیەكی زانستی زاراوەكەی بەكاربردووە (مكی، ١٩٨٧، ل. ٦٦). لەدوای ئەویش (ژان ژاك ئامپێر) لە زانكۆی مەرسیلیاو سۆربۆن وانەی ئەدەبی بەراوردی گوتۆتەوە و زاراوەكەی تا ڕادەیەكی باش چەسپاندووە،

ڤیلمان لە کتێبەکەیدا (وێنە یان ئەدەبی سەدەی هەژدەم) زاراوەی ئەدەبی بەراوردی بەکارهێناوەو بە تەواوی گوزارشتی لە واتای ئەدەبی بەراورد نەکردووە، گومانیش هەیە ڤیلمان بەشێوەیەک لە بەراورد تێگەیشتووە، کە جیاوازە لەبەراوردی دەقی ئەدەبی (مکی، ١٩٨٧، ل. ٦٦).

سەرەرای بوونی ئەم زاراوە جیاوازانە، بەشێوەیەکی گشتی" مەبەست لەئەدەبی بەراورد دەرخستنی راستییە مێژووییەکان و گواستنەوەیانە لەزمانێکەوە بۆ یەکێکی ترو سیفاتە گشتیەکانییان لێکدەداتەوە کە گواستراوەتەوە ناو ئەدەبی دووەم و ئەو رەنگانە دیاریدەکات کە بەدەستیهێناوە یان لە دەستیداوە دوای ئەم گواستنەوەیە"(هلال، ١٩٨١، ل. ٩٣).

**١ ـ ٢ کورتەیەکی مێژوویی بەراوردی ئەدەبی:** هەروەک چۆن فەرەنسییەکان یەکەمین کەس بوون لە دەسپێشخەری بەکاربردنی زاراوەی بەراوردی ئەدەبی، بەهەمان شێوەش سەرەتاکانی سەر دەرهێنانی زانستەکە لەوێوە هاتووە. رۆمانسییەکان رۆلێکی کاریگەرییان بینیووە لەگەشەکردن و دروستبوونی ئەم لقە ئەدەبییە تازەیە، تیۆری (هیبۆلت تین) لە بارەی (ژینگە، کات، رەگەز) هۆیەکی سەرەکی بنیاتنانی ئەدەبی بەراوردە، بۆیە دەشێ بلێین" ئەدەبی بەراورد لەسەر دەستی (هیبۆلت تین) سەریهەڵداوە لە رووی تیۆری و بنیاتییەوە، لە رووی پراکتیککردن و گۆرینی بۆ شێوەی وانە وتنەوەش لەسەر دەستی (ژان ژاک ئامپێر)"(زغیب، ١٩٨٨، ل. ١١)، جگە لەمەش ئەدەبی رۆمانسییەکان چەندین زاراوەی نزیک لە ئەدەبیی بەراوردی لە خۆگرتبوو، وەک (کۆزمۆپۆلیتیزم، ئۆرێنتالیزم، ئیگزۆتیزم)، کە بەکارهێنراون بۆ ئەدەبی سەر زەمینە دوورەکان و روویان لە جەمسەری ئەدەبی بەراوردە (اژر، ١٣٨٧ ه ، ٥٠) ، ئەمانەش وایانکرد، کە نووسەرانی ئەوروپی روو لە رۆژهەڵات بکەن لە لایەک، هەروەکو (گۆتە) سەرسامی ئەدەبی رۆژهەڵاتی دەبێت و دواتریش شیفتەی حافز وای لێدەکات دیوانێک بە ناوی (رۆژهەڵاتی) یەوە بکات، لەم نێوەندەشدا لە کۆتاییەکانی ژیانیدا بیرۆکەی ئەدەبی جیهانی (literatur welt) پێشنیارکرد. لە یەکێک لە گفتوگۆکانی لەگەڵ ئیکرماندا (١٨٢٧/١/٣١)، دەڵێ: (شیعر میراتێکی گشتی مرۆڤایەتییە، و واتای ئەدەبی نەتەوەیی شتێکی گەورە نییە لەمرۆدا، بەڵکو ئێمە هەنگاو دەنێین بۆ چەرخی

ئــەدەبیی جیهــانی، پێویســتە لەســەر هــەموو كەســێك بەشــداری تێیــدا بكات)(السید، ١٩٩٧، ل. ٢٩)، واتە ئەو ئەدەبە جیهانییە لە چەشنی دەریایەكە، ئەدەبی نەتەوەیی هەموو وڵاتان دەڕژێتە ناوییەوە، چەمكەكەش هەموو جۆرە مەعریفــە جیاوازەكــانی بەرهەمــە ئەدەبییــەكان دەگرێتــەوە بــە زمــان و كلتوورەكانــــەوە (محمــــود، ٢٠١٣، ل. ٦٩)، هــــەروەها هۆگــــۆ ش (ڕۆژهەڵاتییــەكان)ی دوای ئــەو نووســی. كــە لــەناو جەرگــەی ڕۆمانســیزم سەریدەرهێنا بوو، یارمەتیدەرێكی باشی چەگەرە كردنی بیرۆكەی بەراوردی ئەدەبی بوو، دەكرێ هەنگاوەكانی سوود گەیاندنی ڕۆمانسییەكان بە ئەدەبی بەراورد بەم شێوەیەی خوارەوە كورت بكرێتەوە :

١. سوود وەرگرتن لە بەرهەمی ئەدەبی دیكەی میللەت و نەتەوەی دیكە.
٢. لێكۆڵینەوەی ئەدەبی میللەتان بە زمانی ئەسڵی نەتەوەكە خۆی.
٣. كردنــەوەی چەنــد ئاســۆیەكی تــازە بــۆ ئــەدەبی نەتــەوەیی لــە بــارەی لێكۆڵینەوە و كاریگەری.
٤. ئــاوڕدانــەوەو ســەرنجدان لــە ڕەخنــەی ئــەدەبی لەســەر بنچینەیــەكی زانستی، كە دەرئەنجامەكەی پەیدا بوونی ڕەخنەی نوێ و ئەدەبی بەراورد بوو.
٥. لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەی ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی كەلتور و ماریفەتی نووسەر (زادە، ١٣٩٠ هـ, ل. ٨٣).

هــەموو ئەمانــە بنچینەیــەكی پتــەوییان دانــا بــۆ ئــەوەی بــەراورد لەزانستی ئەدەبــدا چەگــەرە بكــات و لیــی بكۆڵدرێتــەوە، ســەر بــاری ڕۆڵــی (مــادام دی ســتایل) لەبــەرەو پێشــچوونی ڕۆحــی بــەراوردكاری، لــە زنجیــرەی ئــەو هەنگاوانەدا (لابلاس و فرانسوا نۆبڵ) كتێبی (چەند وانەیەك لە بارەی ئەدەبی بەراورد) یان لەسالی ١٨١٦ بڵاوكردەوە، و ڤیلمانیش لە ١٨٢٧ دا (وێنە یا ئەدەبی سەدەی هەژدەم) ی دەركرد، (جنین) لە سالی ١٨٤١ كتێبی (چەند وانەیەك لە ئەدەبی بەراوردكاری) بڵاوكردەوە، (لویس بنلویف) یش لە ١٨٤٩ دا (دەروازەیەك بۆ مێژووی بەراوردی ئەدەبەكان)ی چاپكرد، دە ساڵ دوای ئەمــە (دیلاتــۆش) كتێبێكــی بــەناوی (لێكۆڵینەوەیــەك لــە بــارەی ئــەدەبی بەراورد)ی خستەبەر دیدی خوێنەران (مكی، ١٩٨٧، ل. ٦٦) ، ئیتر ئەدەبی بەراورد تەنها لە سنوری فەرەنسا نەمایەوەو تێپەری بۆ كیشوەرەكانی دیكە، ئەوانیش هەوڵی خۆیاندا لە پێناو وەرگرتنی چەمی زانستەكە. (هـ. بۆسێنت)

لە کتێبە تیۆرییەکەیدا (ئەدەبی بەراورد بە ئینگلیزی) تیشکێکی چڕوپڕی خستە سەر ئەدەبی بەراورد، لە هەمان ساڵیشدا ١٨٨٦ (ئیدوارد ڕود) دەستیکرد بە گوتنەوەی وانەکانی لە زانکۆی (ژنێڤ) لە بارەی ئەدەبی بەراوردەوە، هەر لەو ساڵەشدا لە ئەڵمانیا (ماکس کوش) گۆڤاری (ئەدەبی بەراوردکاری) دەرکرد، یەکەمین نامەی زانکۆییش لەلایەن (جۆزێڤ تێکست) لەساڵی ١٨٩٥ لەسەر ئەدەبی بەراورد بەرگری لێکراوە (مکی، ١٩٨٧، ل. ١٣)، پاشان ئەمریکییەکان درکییان بە گرنگی بابەتەکە کرد، و زوو پڕژانە سەر لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەدەبی بەراوردو چەند کتێبێکیشیان لەمبارەیەوە نووسی، پێش ئەوەش لەچەندین زانکۆی ئەمریکی کورسی تایبەت بۆ ئەدەبی بەراورد تەرخانکرا. یەکەمین زانکۆش کورسی بۆ ئەو بوارە تەرخان کردبێت (هارڤارد) بوو لە ساڵانی ١٨٩٠ـ ١٨٩١، هەر لەو زانکۆیەدا یەکەمین بەشی بەراوردی ئەدەبی لەساڵی ١٩٠٤ لەسەر دەستی (سکۆفێلد و ئارفەنج بیبیت) کرایەوە (مکی، ١٩٨٧، ل.١٠٢). لە ڕووسیاش بارەکە زیاتر لەسەر ڕێچکەی بەراوردکردنی بابەتە فۆلکلۆرییەکان هاتە کایەوە، (ئەلیکساندەر فیلۆفسکی)، کە پسپۆڕی لێکۆڵینەوەی بابەتە فۆلکلۆرییەکان بوو لە ڕوسیا لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا بەراوردکاری بڵاوکردەوەو هەوڵیدا هونەری بەراوردکاری بگۆڕێت بۆ زانستێکی زۆر ورد (مولود،٢٠١٣، ل.٢٨)، بەهاتنە سەرکاری سۆسیالیستەکانیش قوتابخانەیەکی نوێی بەراوردی ئەدەبی رووسی لەدوای جەنگی جیهانی دووەم سەری دەرهێنا. لە یابانیش لە ساڵی ١٩٤٨ کۆمەڵی ئەدەبی بەراورد دامەزرا، لە ساڵی ١٩٩١ یش کۆنگرەی سێنزدەهەمی ئەدەبی بەراورد لەوێ بەسترا، لە ئیسپانیاش لە ساڵی ١٩٦٤ یەکەم کتێب بەناوی (ئەدەبی بەراورد) لەسەر دەستی (ئەلیخاندرۆ سیۆرانسیکۆ) دەرچوو، لە ١٩٧٤ یش کۆمەڵەی ئیسپانی بۆ ئەدەبیی بەراورد دامەزرا، لە١٩٨٦ یش کۆمەڵەی بەراوردی ئەدەبیی بەرازیلی و لە ١٩٩٢ کۆمەڵەی ئەرژەنتینی پەیدا بوون (السید،١٩٩٧،ل.٢١). لەو مێژووە بەدواوە یاخود بڵێین لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە، کە قوتابخانەی ئەمەریکی بۆ ئەدەبی بەراورد دروستبوو، ئیتر لێکۆڵینەوە و کتێب و گۆڤارەکانیش ڕوویان لە زیادی کردو زۆربەی نەتەوەکانیش هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئەدەبی بەراوردییاندا و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لە زیادی دەدەن.

**١ . ٣ چەمکی بەراوردی ئەدەبی:** لەگەڵ زۆربوونی قوتابخانە بەراوردییەکان، چەمکی بەراوردیش فراوان بووە، هەریەک لەچەمکەکانیش جیاوازن لەوانەی دیکە، واتە هەر قوتابخانەیەک هەوڵیداوە چەمکی بەراورد بەشێوەیەکی جیاواز لەوەیتر شیتەڵ بکات، هەروەکو لەم خاڵانەی خوارەوەدا شیدەکەینەوە:

**١.چەمکی بەراوردی ئەدەبی لە قوتابخانە یا ئاراستەی فەرەنسیدا:** ئەم ئاراستەیە بە ئاراستەی باڵادەستی مێژووییش دەناسرێت، لەژێر رۆشنایی ئەو چەمکەی کە دراوەتە ئەدەبی بەراوردەوە، ئەم ئەدەبە دەوەستێتە سەر بنچینەی مێژوویی پەیوەندی نێوان هۆکارو ئەنجامەکان و روو دەکاتە مێژووی ئەدەب و نێوەندگیرییەکان و شێوازە هاوبەشەکانی نێوان کارەکان و پەیوەندییە خزمایەتییە جیاوازەکانی نێوان ئەدەبەکان (مبروک، ٢٠٠٦، ١٤)، بەوجۆرش چەمکی ئەدەبی بەراورد لە بۆتەی مێژووییدا قاڵ دەدرێت، واتە لە پرۆسەی بەراورددا لە نێوان ئەو دوو ئەدەبەی کە پێویستە بەراورد بکرێن، بەر لەهەر شتێک بایەخ بە مێژوو دەدرێت، دەبێت پەیوەندییەکی مێژووییان لەگەڵ یەکتریدا هەبێت و ئاگاداری یەکتر بووبن، هەر جۆرە نائاگاییەک، یاخود هاوبیری (توارد الخواگر) بەپێی ئەو چەمکە جێگەی لەم قوتابخانەیە نابێتەوە. هەروەها جۆرە بەراوردێک لەسەر بنەمای ئەدەبی نەتەوەیی، یا لە نێوان نووسەرانی هاونەژاد، یا هاوزمان ئەنجام بدرێت ناچێتە ناو خانەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردەوە (زادە، ١٣٩٠هـ، ل.٣٧)، مەرجی جیاوازی زمان و بوونی دوو ئەدەبی نەتەوەیی جیاواز سەرەرای هەبوونی پێوەندی مێژوویی چوارچێوەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییە بەراوردکارییەکان تەسکتر دەکاتەوە، ئەم ئاراستەیە لە سەرەتادا توانی لایەنگرییەکی زۆر لە وڵاتانی ئەوروپی و تەنانەت هەندێک وڵاتانی خۆرهەڵاتیش بۆ خۆی پەیدا بکات، بەڵام کاریگەرییەکانی تا سەر نەبوون، چونکە هەم لە نێو خودی قوتابخانەکەدا رەوتێکی چاکسازیکەر دەرکەوتن بۆ چاوخشاندنەوە بەچەمکی مێژوویی و هەمیش قوتابخانەی ئەمریکی توانی زاڵ بێت بەسەر گرفتی مێژوودا.

**٢.چەمکی بەراوردی ئەدەبی لە قوتابخانەی ئەمریکیدا:** قوتابخانە، یا ئاراستەی ئەمریکی لە ناوەراستی سەدەی بیستەم وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر چەمکی مێژوویی قوتابخانەی فەرەنسی دەرکەوت، بە تایبەتیش لە

نووسینەکانی (هێنری ریماک) و (رینییە ویلک) بە تەواوەتی جەختی لێکراوەتەوە. ئەگەر (رینییە ویلک) هەوڵی جێگیرکردن و دامەزراندنی ئاراستەی ئەمریکیی دابێت، ئەوا (هینری ریماک) هەوڵیداوە چاکسازی لە بنچینەکەدا بکات بە تایبەتی لەگوتارەکەیدا (ئەدەبی بەراورد، چەمک و ئەرکەکانی) کە لەساڵی ١٩٥١بڵاوکراوەتەوە، هەروەها هەوڵیدا بۆ فراوانکردنی چەمکی بەراورد تا لێکۆڵینەوەی بەراورد زانستەکانی تریش بەخۆوە بگرێت (غیلان، بێ ساڵی چاپ، ل. ١٠٥)، لەو ئاراستە نوێیەدا چەمکەکە بە ڕادەیەک فراوان دەبێت، کە هیچ یەکێک لە ئاراستەکانی تر تا ئەمڕۆش نەیانتوانیوە پێی بگەنەوە، ڕەنگە ئەو فراوانییەش بووبێتە هۆی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی بەراوردکارییە ئەمریکییەکان بە پرۆسەیەکی زانستی لەقەڵەم نەدرێن، بگرە تەنیا بە کات کوشتنێکی مێژوویی، یا یارییەکی بزانن (التكريتي و سلوم، ١٩٨٩، ل. ١١٤). ئەو فراوانییەش گشت لایەنەکانی دەقی ئەدەبی دەگرێتەخۆ، بۆ نموونە لەو قوتابخانەیەدا بەراوردکردن لە چوارچێوەی یەک زماندا دروستە، و پێیوایە بەپێی جیاوازی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژینگەکەیان بۆچوونەکانیشیان جیاواز دەبێت با بە زمانێکیش نوسرابن (شوان، ٢٠١٤، ل. ٩٨)، هەروەها (ئەلیکساندەر دیما) پشتیوانی لەو بیرۆکەیە دەکات و لەو باوەڕە دایە کە جیاوازی زمان مەرج نییە بۆ پرۆسەی بەراورد، چونکە دەکرێت لە بازنەی تاکە زمانێکیشدا بەراورد ئەنجام بدرێ (یونس، ١٩٨٧، ل. ١١). لەو گۆشەنیگایەشەوە پێگەیەک بۆ هاوسەنگی ئەدەبی (الموازنە الادبیە) دەکرێتەوە، کە پێشتر لای فەرەنسییەکان ڕێگەی پێنەدرابوو، هەروەها (رینییە ویلک) پارێزگاری لەو بۆچوونە دەکات و پێیوایە کە ئەو ئەدەبانەی بەیەک زمان دەنوسرێن ئەدەبگەلی جیاوازن هەروەک لە ئەدەبی ئەمریکی و ئیرلەندیدا دەبینرێت (صبحی،١٩٧٢، ل.٦٦). واتە بەراوردکردنی شیعرێکی ئەمریکی لەگەڵ شیعرێکی ئینگلیزی یا ئیرلەندی، کە بەیەک زمان نووسراون، تەنیا لە ڕووی ژینگەو کۆمەڵەوە جیاوازییان هەیە بە پرۆسەی بەراوردی زانستی دادەنرێت، هەروەها فراوانکردنی ڕووگەکانی دیکەو باوەشکردنەوە بۆ زانستەکانی دیکە، کە پەیوەستدارن بە ئەدەبەوە، یا ئەدەب پەیوەستە پێیانەوە، خاڵێکی دیکەی چەمکی بەراوردی ئەمریکییە، کە لای لێکۆڵەرانی ئەم ئاراستەیە ئەدەبیی بەراورد لەخۆگری هەموو لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی نێوان ئەدەب و

هونـەرو لایەنـەکانی دیکـەی مەعریفـەی مرۆییـە (رەحیمـی، ٢٠١١، ل.١٩٠). بەهۆی ئـەو زانستانەشـەوە ئـەدەب رزگـار دەبێت لـە لێکدانـەوەی ئـەدەب بـە ئـەدەب، بـە واتایـەکی دیکـە رۆحێکی دەرەکی بـە ئـەدەب دەبەخشـن لـە لایەنـە شـیکارییەکاندا، چونکـە لێکدانـەوەی ئـەدەب بـە ئـەدەب، تـەنیا یـەک روو نیشاندەدات، بەڵام بەهۆی زانستەکانی دیکەوە ئەدەب بە تەواوی دەکرێتـەوە لە سوود گەیاندن و سوود لێوەرگرتنەکانیدا. کەواتـە" قوتابخانـەی ئـەمریکی تەنها بەگواستنەوەی گرنگی ئـەدەبی بـەراورد لـە پەیوەندییە دەرەکییەکان بـۆ ناوەکییـەکان ناوەسـتێت، بـەڵکو تێدەپـەڕێت بـۆ داواکارییـەکی دیکـە، ئـەویش بەراوردکردنی ئەدەبە بە هونەرو زانست و کێڵگە مەعریفییەکان و هۆشیاری دیکـەی مرۆیـی"( عبـود، ١٩٩٩، ل. ٤٩). بـەو پێیـەش بـەراوردکار لـەم ئاڕاستەیەدا بۆی هەیە دەقێکی ئەدەبی بەراورد بکات بە بابەتێکی هونەری، یاخود شیعرێکی (قوبادی جەلیزادە) بەراورد بکات بە تابلۆیـەکی (بـۆتچیلی)، ئەمـەش کێشـەی نێـوان رەگـەزە ئـەدەبی و هونەرییـەکان نـاهێڵێ لەلایـەک، لەلایەکی تریشەوە بۆ خودی ئەدەب سوودمەند دەبێت، چونکە بەهۆی سوود وەرگرتن لەمەعریفەکانی تر، بازنەی لێکۆڵینەوەکان فراوانتر دەبێت. لایـەنێکی دیکـەی چـەمکی بـەراوردی ئـەدەبی ئـەمریکی دەرچوونـە لـە جەمسـەرگیری ناوچـەیی، یـا بـە سـەنتەر کردنـی ئـەدەبێک، هـەروەک (رینییـە ئیتامبـڵ) وا بـۆ ئـەدەب چووە کـە سنووری مرۆڤایـەتی کۆتـایی نایـەت، تـەنها بـە سنورەکانی ئەوروپا، هەروەها ئەدەبی جیهانی رێک هاوتاو هاوشێوەی ئـەدەبی ئـەوروپی نییە و لەو ئەدەبەدا کورت نابێتەوە (عبود، ١٩٩٩، ل. ٣٣). ئـەو هەڵوێستەش دژ بـە ناوچەگـەرێتی ئەوروپییـە، کـە قوتابخانـەی فەرەنسـی بەمـەرج دەیسـەپێنێتە سـەر هـەموو لێکۆڵینـەوە بەراوردکارییـەکان، لـە بەرامبـەردا قوتابخانەی ئەمریکی داوای زیاتر کرانەوەی لێکۆڵینەوە بەراوردییەکانی کرد، بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی (گۆیار)، لەسـەر دەستی (کالڤین و بـڕاون) لـە ئـەمریکادا لێکۆڵینـەوە بـە رەخنـەگرتن لـە نـاوەڕۆکی کتێبەکـە سـەریهەڵدا، ئەوان رەخنەیان بە گشتی لە چەمکی کاریگەری و کارتێکردنی فەرەنسـی گـرت، و پێیـان وابـوو ئـەم جەمسـەرگیرییە ناوچەگەرییـە یـەک ناگرێتەوە لەگەڵ مۆرکی گشتی جیهان، واتـە چۆن دەبێت گەلانی جیهان لەو پرۆسـەیەدا بێبـەش بکرێن بـە بیانوی پیرۆزی زمانی فەرەنسـی؟ (درویش، ٢٠٠٢، ل. ٢٨،٢٩) لە کاتێکدا ئـەدەبی ئـەو نەتەوانـەش کـەم تـا زۆر لایەنـەکانی

جوانکاری و هەستی مرۆیی تێیدا ڕەنگیداوەتەوە، بەو هۆیەشەوە قوتابخانەی ئەمریکی هەوڵێکی باش بوو بۆ تێکشکاندنی سێنترالیزمی ئەوروپی و چەقبەستوویی لێکۆڵینەوەکان تەنیا لە سنوری ئەوروپادا، لایەنێکی دیکەی قوتابخانەی ئەمریکی سوود وەرگرتنە لە بەها ئیستاتیکییەکان، یاخود ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕەتکردنەوەی ڕووکاری مێژوویی، یا ناوچەگەریی بەراوردیی فەرەنسی. لەم ڕووەشەوە (ڕینیە ویلک) بیردۆزی تەقلیدی ئەدەبی بەراوردیی ڕەتکردۆتەوە و بانگەوازی جۆرە ڕێچکەیەکی کردووە، کە مامەڵە لەگەڵ جەوهەری ئەدەبدا دەکات، یا ڕێچکەی ڕەخنەیی لە بەراورددا (عبود، ١٩٩٩، ل. ٤٩). ڕەخنەش هەموو دیوە دەرەکی و ناوەکییەکانی ئەدەب دەگرێتەوە، واتە لە یەک کاتدا دەتوانێت ئێستاتیکاو مێژوو پێکەوە گرێبداتەوە بەهۆی فراوانی چەمک و جۆرەکانییەوە، دەتوانێت ڕوویەکی گشتگیر بۆ ئەدەبی بەراورد دروستبکات. (ئیتامبڵ) لە باسەکەیدا (بەراورد هۆکار نییە، یا گرفتی ئەدەبی بەراورد) کە لە ساڵی ١٩٦٣دا بڵاوکرایەوە داوای بەراورد کردنێکی هاوچەرخ و وێنەیەکی نوێی ئەدەبی گشتی دەکات بۆ ئایندە، کە بەراوردی شێوازگەری و کێش و سەرواو وێنەو لێکۆڵینەوەی وەرگێران و ژانرە ئەدەبییەکان دەگرێتە خۆی، واتە بەراوردکردنی بونیاتی وەها کە مێژوو و شیعرییەت پێکەوە کۆ بکاتەوە (عبدالعزیز،٢٠٠١، ٩،١٠)، چونکە بەهێنانە ناوەوەی لایەنی ڕەخنەیی بۆ ناو توێژینەوە بەراوردییە ئەدەبییەکان زۆربەی گرفتە مێژووییەکان چارەسەر دەکات، هۆی فراوانی و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەش لە قوتابخانەی ئەمریکیدا دەوەستێتە سەر ئەو بنەڕەتانەی کەچەمکی بەراوردییان لەسەر بنیاتنراوە، کەخۆی لە دوو بنەڕەتی سەرەکیدا دەبینێتەوە: یەکەمییان بنچینەی ڕەوشتییەو دووەمیشییان بنچینەی کلتورییە، یەکەمییان گوزارشتە لە تازەگەری شارستانییەتی ئەمریکی، کە پێکدێت لە جۆرەها ڕەگەزو کلتووری جیاواز، دووەمییان گوزارشتە لە ناسنامەی ڕۆشنبیری، کە تێکەڵەیەکە لە هەموو کلتورە جیاوازە بۆ ماوەکانی بنەچە جۆراوجۆرەکانی ئەم شارستانییەتە (مبروک، ٢٠٠٦، ل. ١٦). تەنانەت زاڵبوونی چەمکی ئەو کلتورە، یاخود تێکەڵبوونی بە تەواوەتی لەگەڵ ئەدەبی بەراورد، وای لە ڕەخنەگرێکی نوێی ئەو قوتابخانەیە (ستیڤان بڕۆنۆس) کردووە لە وتارێکیدا لە ژێر ناونیشانی (لە ئەدەبی بەراوردی ئەمڕۆوە بۆ لێکۆڵینەوە کلتورییەکان ١٩٩٩) توانای گەشەپێدانی میتۆدێکی زانستی ئاشکرا

بکات، کە بریتییە لە پێکەوە گرێدان و کۆکردنەوەی تایبەتمەندییە ئەدەبییەکان لەگەڵ ڕەهەندی ڕەخنەی کلتوری و پێشنیاری ناوی (لێکۆڵینەوە کلتوورییە بەراوردکارییەکان)ی بۆ بکات (کریم و فواد، ٢٠١٠، ل.٧)، چونکە گرنگترین ئامانجی بەراوردی ئەدەبی لەکلتورەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەدەب، هەر ئەو فاکتەرەش بووە هۆی باڵادەستی ئەم قوتابخانەیە بەسەر ئەوانی تردا.

**١ ـ ٤ پێناسەی بەراوردی ئەدەبی:** بەپێی جیاوازی ڕوانینی سەر ئامەدانی قوتابخانەکان، بەراوردی ئەدەبی پێناسەی جیاجیا لەخۆ دەگرێت، لەبەرئەوە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ بەراوردی ئەدەبی شتێکی ئەستەمە، هەر بەهۆی زۆری و تێکچڕژاوی زاراوەکەو دیار نەبوونی سنوری لێکۆڵینەوەکانی، وای لە هەندێک کەسی وەک (لین کۆپەر) کردووە بە زانستێکی (بێ ئەسڵ و بێ بنچینە و بێ مانا) ناوی ببات (عصفور، ١٩٨٧، ل. ٣٠٦)، هەروەها (پۆل ڤان تیگم) دەڵێت:" بەراوردی ئەدەبی بڕیاردانە لەسەر لێکچوون و جیاوازییەکانی دوو کتێب، یا دوو دیمەن، یا دوو بابەت، یا دوو لاپەڕە لەنێوان دوو زمان یا زیاتر، هەروەها خاڵی گرنگ، کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت دەرخستنی کاریگەری و وەرگرتن و لایەنەکانی دیکەیە"(الدروبی، ١٩٤٦، ل. ٢٠)، دکتۆر (عەبدولحوسێن زەرین کوب) کە یەکێکە لەشوێنکەوتوانی قوتابخانەی فەرەنسی لە پێناسەی بەراورد دا دەڵێت:" ئەدەبی بەراورد لە واقیعدا گوزارشتکردنە لە لێکۆڵینەوە لەبارەی پەیوەندی و گونجانی نێوان ئەدەبی نەتەوەو گەلە جیاوازەکانی جیهان و لێکۆڵەرێک کە ئەو کارە ئەنجام بدات، وەکو ئەوەیە کە لە سنووری قەڵەمڕەوی زمانی نەتەوەیی دانیشێت، تا تەواوی گۆڕینەوەو مامەڵە فیکری و ئەدەبییەکان، کە لەسەر ئەم سنوورە لە نێوان ئەم نەتەوەیەو نەتەوەکانی دیکەی دوورو نزیک ڕوودەدەن بەهۆی بینایی و چاودێری خۆی تۆماریان بکات" لای ئەمریکاییەکانیش ئەدەبی بەراورد پێناسەیەکی گشتگیرتری بۆ کراوەو تێکەڵاوە بە زانستەکانی دیکەو بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە، (هنری ریماک) لەو باوەڕەدایە ئەدەبی بەراورد لێکۆڵینەوەیەکە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و کەلێنە مەعریفییەکانی دیکە لە وێنەی (هونەرە جوانەکان، فەلسەفە، مێژوو، زانستەکان) و پێدادەگرێت لەسەر ئەوەی کە ئەدەبی

بەراورد لە کرۆکیدا بریتییە لە بەراوردی نێوان ئەدەب و ئەدەب، یا لە نێوان ئەدەب و لایەنە گوزارشتکەرە جیاوازەکانی دیکەی نائەدەبیی (مدنی، ١٩٩٩، ل. ٥١).

**١ . ٥ سوودی بەراوردی ئەدەبی:** بەراوردی ئەدەبی چەند ئامانج و سوودێکی هەیە، گرنگترینییان:

١.نیشاندانی ناسنامەی ئەدەبیی دەقە بەراورد کراوەکان.

٢.دەبێتە مایەی بەستنەوەی ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکان و دامەزراندنی ئەدەبێکی گشتی.

٣.بەراوردکاری لە پێناو دەوڵەمەند کردنی ئەدەبەکان ئەنجامدەدرێت، چونکە ئەگەر ئەدەبێک ڕوو نەکاتە ئەدەبەکانی تر ئەوا توانای نوێگەری و داهێنانی نامێنێ و لە سنووری خۆیدا دەخولێتەوە. (هێنری گیفۆرد) گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە ئەدەبی ئینگلیزی بەهۆی لووتبەرزی ئینگلیزەکانەوە لە ئەدەبیاتی جیهانی دابڕا، لەبەرئەوەی ئینگلیزەکان گومانییان وا بوو، کە ئەدەبەکەیان لە ئەدەبەکانی دیکە بەرزترە، تاوەکو سەرەنجام فیکری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی ئەمریکی بەرامبەرییان وەستایەوەو نەیاتوانی بەر بەو هێرشە بگرن (رسولی، ١٣٨٤ هـ, ل. ٣١، ٣٢).

٤.سوودێکی دیکەی ئەدەبی بەراورد، زانین و ناسینی ئەو وێنەیە کە لەمێشکی خوێنەردا کێشراوە (کریم و فواد، ٢٠١٠، ل. ٥). بەمەش خوێنەری دەقە ئەدەبییەکان ئاگاداری ئەو وێنانە دەبێت، کە نووسەرانی بیانی لە بارەی مرۆڤایەتی بە گشتی، یا لە بارەی نەتەوەکەی ئەو بە تایبەتی کێشاوییانە.

٥.خوێنەر لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکاندا، زانیارییەکی باش پەیدا دەکات سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی و ڕێبازەکانی ئەدەب، چونکە بەراوردکاری زۆربەی ئامرازەکانی شیکردنەوە بەکار دەبات لە لێکۆڵینەوەکەیدا، بەمەش هزری خوێنەر زیاتر دەجولێنێت.

٦.هەلێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ دەقە ئەدەبییە بەراورد کراوەکان، تا قاوغی سنوری نەتەوەیی خۆیان ببەزێنن و بە وڵآتانی دیکەدا بڵاوببنەوە، واتە هەلی ڕەخساندنی بەجیهانیبوونی دەقی ئەدەبی دەدات.

٧.سوودێکی دیکە بریتییە لە تێگەیشتن و خۆشەویستی نێوان نەتەوەکان، بەهۆی ناساندنی میراتی فیکری هاوبەش و هێنانە کایەی ئاشتی و پێکەوە

ژیانی جیهانی، لە ڕێگەی ئاشکرا کردنی پەیوەندی کلتووری نێوان میللەتان (پور، ١٣٩١هـ ، ل. ٣٣).

٨.خوێنەر لە ڕێگەی بەراوردەوە ئاگاداری ئەوە دەبێت کە چ شتێک ڕەسەنە لە ئەدەبی خۆیداو چیتریش وەرگیراوە، هەروەها ئاشکراکردنی دزییە ئەدەبییەکان سودێکی تری بەراوردە، کە ڕەنگە بۆ خوێنەری ئاسایی بە ئاسانی دەرنەکەون.

**١ ـ ٦ بارودۆخی بەراوردی ئەدەبی کوردی:** لە ئەدەبی کوردیدا تا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هیچ جۆرە تروسکاییەکی بەراوردی ئەدەبی بەشێوەیەکی زانستی دەرنەکەوتووە، ئەوەی کە دەریشکەوتووە مەبەستی سەرەکی لێی بەراوردکاری نەبووە، بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی پەیڕەو و پرۆگرامی قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبی ئەنجامنەدراون، هەروەها هیچ گۆڤارو کتێبێک بەتایبەت بۆ ئەدەبی بەراورد تەرخان نەکراوە، سەرباری وەرنەگێرانی وتارو کتێبە بەراوردییەکان بۆ سەر زمانی کوردی. تا لە کۆتایی حەفتاکاندا (عەزیز گەردی) کتێبێکی بەناونیشانی (ئەدەبی بەراوردکاری) بڵاوکردەوەو لە کتێبەکەیدا دەڵێت :" لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری کارتێکردنی دوو نەتەوە دەردەخاو باسی پەیوەندی نێوان دوو نووسەر دەکا کە بەرهەمی ئەدەبییان لەیەک بکات و هەریەکە سەر بە ڕەگەزو نەتەوەیەک بێ و سنوورێکی سیاسی و جوگرافییان لە نێواندا بێ" (گەردی، ١٩٧٨، ل. ١٥)، ئەو کتێبە جۆرێک لە ئامادەکردن و وەرگێرانە و تەنها ڕووکاری تیۆری تێدا دراوەتە بەر باس، هەروەها جگە لە بایەخدان بە قوتابخانەی فەرەنسی هیچ لایەنێکی دیکەی ئاراستەکانی تر نابینرێت، بگرە ئەو لێکۆڵینەوانەش دەخاتە دەرەوەی خانەی بەراوردەوە، کە لەسەر بنەمای مێژوویی ئەنجام نەدراون، کاریگەرییەکی زۆری کتێبەکەی (د. موحەممەد غونەیمی هەیلال)(هلال، ١٩٨١، ل١٠) و لێکۆڵەرە عەرەبییەکانی دیکەی ئەوسای بەسەرەوە دیارە. مامۆستا لە کتێبی (ئەدەبی بەراوردکاری ) دا ئاماژە بەسێ جۆر لێکۆڵینەوەی بەراوردی کوردی دەکات :

١.سەرە قەڵەم. ٢.بەراوردی نازانستی. ٣.بەراوردی زانستی. (گەردی، ١٩٧٨، ل. ١٤ – ١٨).

ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشێکی زۆری ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم کتێبەدا خراونەتەوە دەرەوەی بەراورد، لە قوتابخانەی ئەمریکیدا بە بەراوردێکی زانستی دادەنرێن.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشدا بەهۆی دەرچوونی گۆڤارەکانی (کاروان، ڕۆشنبیری نوێ، بەیان) و هەروەها ڕۆژنامەی (هاوکاری) باری بەراوردی ئەدەبی کوردی تا ڕاددەیەکی باش بووژایەوە، لە نەوەتەکانیش بەهۆی زۆربوونی شەپۆلی وەرگێران لە زمانە بیانییەکانەوە، هەروەها دەرچوونی گۆڤاری (کاروان، رامان) و گۆڤاری (وەرگێڕان) یش لەچەند ژمارەیەکدا، هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ چەسپاندنی چەمکەکانی بەراورد لە ئەدەبی کوردیدا، جگە لەمەش لە زانکۆکانیشدا تەرخانکردنی وانەی بەراوردی ئەدەبی ڕۆڵێکی دیارو کاریگەریی هەبووە، و دەیان نامەی ئەکادیمیش تا ئێستا لەم بوارەدا وەرگیراون. ئەم هۆکارانەو هەندێک هۆکاری دیکەی وەک ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی وای لە کەسێکی وەک (د.عادل گەرمیانی) کردووە بیر لە پڕۆژەی دانانی قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردی کوردی بکاتەوە. دکتۆر لە پڕۆژەکەیدا (بەرەو قوتابخانەی بەراوردی کوردی)، کە لە ژمارە (٥٥)ی گۆڤاری (ئێستا)دا بڵاوبۆتەوە، وەکو سیمیناریش لە زانکۆی کۆیەو کۆڕی زانیاری عێراق پێشکەشکراوە، تەواوی ڕەخنەو پێشنییارەکانی لە ڕووی زاراوەو بابەت و زمان و کلتوورو هاوسەنگی ئەدەبی خستۆتە ڕوو، لەگەڵ بوونی هەموو مەرجەکانی قوتابخانەی بەراوردی کوردی، کە دەشێ لەمڕۆدا نووسەران هەوڵی دامەزراندنی بدەن (گەرمیانی، ٢٠٠٦). جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین، کە بۆ بەرەو پێشبردن و گەشەسەندنی ڕەوتی بەراوردی ئەدەبی لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستە لێکۆڵەران ڕەچاوی چەند خاڵێک بکەن:

١.سوود وەرگرتنی تەواو لە قوتابخانەی ئەدەبیی بەراوردی ئەمریکی، چونکە هەر چەشنە سوود وەرگرتنێک لەدوو قوتابخانەکەی تر، کە پشت بەکاریگەری و کارتێکردن و پەیوەندی مێژوویی دەبەستن بە زیانی ئەدەبی کوردی دەشکێتەوە، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکانی کاریگەری و کارتێکردن ڕەسەنێتی نووسەری کارتێکراو کەمدەکەنەوە، بە دیمەنێکی وای نیشاندەدەن کە لاسایی نووسەرە بێگانەکانی کردۆتەوە، هەروەها لایەنێکی نەرێنی بە وەرگر دەدەن، لە بەرامبەریشدا ڕۆڵێکی کاریگەرو ئەرێنی بە نووسەری

کارتێکـەر دەدەن (عبـود، ١٩٩٩، ل. ١٦، ١٧). بـە نموونـە بـەراورد کردنـی ڕۆمانـەکانی (بـەختیار عـەلی) لەگـەڵ ڕۆمانـەکانی (عەباسـی مـەعروفی) بـە قازانجی ئەدەبیاتی فارسی کۆتایی دێت، چونکە بەختیار شارەزای زمانەکەیەو کاریگەریی ئەو زمانەی بەسەرەوەیە، لە لایەکی دیکەوە لەڕووی زمانەوە، کە لـە ڕێچکـەی فەرەنسـی و ڕووسـیدا مەرجـە بـۆ بـەراوردکردن، هەنـدێک نووسـەری کـورد دەکەونـە دەرەوەی خانـەی ئـەدەبی کوردییـەوە، وەکـو بەراوردکردنی نووسەرانی کوردی باکوور (یەشار کەمال، یەڵماز گۆنای) یا کـوردی ڕۆژهـەڵات (ئیبـراهیم یونسـی، عـەلی ئـەشـرەف دەروێشـیان) یـا شانۆکانی (محی الدین زەنگەنە) و شیعرەکانی (بلند حەیدەری) و ڕۆمـان و چیرۆکەکانی (سەلیم بەرەکات) کە بە زمانەکانی تورکی و فارسـی و عـەرەبی نووسـران لەگـەڵ بەرهـەمی نووسـەرانی تـری کـورددا، و داننانـە بـە کـورد نەبوونی ئـەو نووسـەرانە، لەگـەڵ ئـەوەی لەئێسـتادا زمـان دوا ناسنامەی دەق نییە، بەڵکو کەشوهەوای دەقیش دەیخاتە خانەی ئەدەبی نەتەوەییەوە.

٢. سوود وەرگرتن لە قوتابخانـەی ڕووسـی یا ڕۆژهـەڵاتی لـە بـەراوردکردنی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان لەگەڵ زمانانی دیکە، چونکـە تـەنها لـەو قوتابخانەیـەدا بەراوردکردنی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان بەرچاو دەکەوێت.

٣. باشـــترە نووســـەرانی ئاســـت ناوەنـــدی کـــوردی لەگـــەڵ نووســـەرانی ڕۆژهەڵاتییدا بـەراورد بکرێن، چونکـە ئاسـتی داهێنانییـان لـە یـەکتری نزیکـە، بەڵام ئەگەر نووسەر ئاستی داهێنانی بەرز بوو ئـەوا دەتوانرێت و چاکتریشـە لەگـەڵ نووسـەرانی ناسـراوی جیهـانی بـەراورد بکرێـت وەک بـەراوردکردنی ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسور، بەختیار عەلی) لەگەڵ نوسـەرانی وەک (واڵتـەر سکۆت، گابریل گارسیا مـارکیز)، یـا شـیعرەکانی ( شـێرکۆ بێکـەس) لەگەل شیعری شاعیرانی هاوچەرخی ئەوروپیدا.

## بەشی دووەم

## پوختە باسێکی هەردوو چیرۆکەکە

### ٢ ـ ١ چۆنیەتی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی حیکایەتی هەزارو

**یەك شـەوە:** هەزارویـەک شـەوە کۆمەڵـە چیرۆکێکی کۆنی میللییـە،" کۆنترین دەستنووسـی ئـەم کتێبـە لـە تشـرینی یەکـەمی ١٨٧٩ی زایینـی لـە عیـراق نووسـراوە، واتـە شـوێنی فـەرمانرەوایی عەباسـییەکان کـە لـە سـاڵی ١٧٥٠ی

زایینی فەرمانڕەوایی عیراق و هێندێک ناوچەی دیکەیان دەکرد"(عبود، ١٩٩٩، ل.١٦،١٧)، سەبارەت بەو کتێبەی بە (هەزارو یەک شەوە) ناودەنرێت بیروڕای جیاواز دەبینرێت،" هێندێک لەوانەی پسپۆڕییان لە بواری چیرۆکدا هەیە، دەڵێن کە ئەو کتێبە بەناوبانگترین کۆمەڵە چیرۆکی ئەفسانەی رۆژهەلآتە کە چوارچێوەی گشتی ئەو نەک لە ولآتی هیند، بەڵکو لەوانەیە لەمیسری کۆنەوە سەرچاوەی گرتبێ. میسر لەزۆر سەداندا وەک ڕووگەیەک بووە بۆ هونەرمەندان و جادووگەرەکان و ئەوانەی کاردەستی خێرا دەکەن، ئەوەی کە زیاتر دەوڵەمەندی کرد، ڕەگەزەکانی چیرۆکی فریشتەو ئەرواحی فەرهەنگی ئێرانی بوو، ڕەخنە ئەدەبییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسییەکان لە بەغدادو جادووگەران، مەیدانگێڕانی فەرهەنگ و کۆمەڵگای میسری کۆن بوون، ئەگەرچی تەواوی سەفەرەکانی (سەندیباد) بۆ لای رۆژهەلآتی ئاسیا، هیندو ژاپۆن و دوورگەکانی سۆماتراو شوێنی دیکە بوو"(ڕەحمانی، ٢٠٠٦، ل.١٠٦)، هەرچەندە زۆرجار بنەڕەتەکەی بۆ فارسی دەگێردرێتەوە، بەلآم لەبەرئەوەی زۆر خوڕەوشتی عەرەبەکانی تێدا دەردەکەوێت کە لە سەردەمی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسیدا باو بووە، وەک لەناوهێنانی (أمیر المؤمنین، جاریە...) و شتی تردا دەردەکەوێت بەلای هەندێک لە شارەزایانەوە زیاتر دەدرێتە پاڵ عەرەب، "عەرەبەکان بەو کتێبە دەڵێن (ألف لیلە و لیلە) یان کتێبی خورافات، واتە چیرۆکی دروستکراوو باوەڕ نەکراو، هەروەها نووسەرە مەسیحییە ئەوروپاییەکانیش بەشێوەیەکی باش لە چیرۆکەکانی هەزارو یەک شەوەیان نەدەڕوانی، لە ولآتانی رۆژهەلآتی ناوەڕاستیشدا، تا ماوەیەکی زۆر بیروڕایەکی باشییان بەرامبەر بەو شێوە ئەدەبیاتە نەبوو. لەسەدەی نۆزدەی زایینیدا لە ولآتی میسر بیروڕوایەکی خورافییانە بلآوبووەوە کە هەر کەسێک ئەو کتێبە بخوێنێتەوە، لەماوەی ساڵێکدا ئەجەل بە شوێنیدا دێت"(ڕەحمانی، ٢٠٠٦، ل. ١٠٥)، هەر بەمهۆیانەشەوە لەناو نەتەوەکانی تریشدا بەشتێکی نامۆ سەیر دەکرا، تا " لە سەدەی ١٩ لە ئەوروپا کورتکراوەی ئەو کتێبە یان بەشێکی لابراوی ئەو کتێبە تەنیا بە دزی و بە تایبەتی دەستاودەستی پێدەکرا، چونکە کڵێسای مەسیحی ئەو کتێبەی بەشتێکی خراپ دادەنا، لەبەرئەوەی هەندێک ڕووداوی خۆشەویستی تێدا بوون. لە لایەکی دیکەوە ئیسلام سەردەمانێک بۆ ئەوروپای مەسیحی وەک مەترسییەکی گەورە دەژمێردرا"(ڕەحمانی، ٢٠٠٦،

ل. ١٠٨)، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەهۆی ئەوەی ئەوەی چیرۆکی فۆلکلۆری دەماودەم دەپەڕێتەوە، بۆیە لەناو نەتەوە جیاجیاکاندا تەشەنەی کردو دواتریش بۆ وڵاتانی ئەوروپا گواسترایەوە.

هەزارو یەک شەوە، بریتییە لە ٥٦٨ پێنج سەدو شەست و هەشت دەق، کەوا لە ماوەی هەزارو یەک شەودا لەلایەن شاژن (شەهرەزاد) بۆ شا (شەهریار) دەگێڕدرێتەوە، و هەموو شەوێک دەقەکە بەم ڕستەیە کۆتایی دێت کە دەڵێت: (خۆر هەڵات و شەهرزاد لە گێرانەوەی چیرۆکەکە وازیهێنا)(ألف ليلەو ليلە،١٩٨١)، بەهۆی ئەوەی زۆرجار چیرۆکی فۆلکلۆری ئامۆژگاری ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ پێشکەش مرۆڤایەتی دەکات، و کاریگەری بەسەر ژیانمانەوە دەبێت، بۆیە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی هەزارو یەک شەوە تا ئێستا بایەخی خۆی لەدەستنەداوە، چونکە" چیرۆکیش وەک ئەفسانە دەماودەم و پشتاوپشت دەگێڕێتەوە، هەر چیرۆکبێژە وشەی تایبەتی خۆی هەیە لە دارشتندا" (رەسوڵ، ١٩٧٩، ل.٢٤)، دوور نییە ئەم دەقە لە سەرەتادا شێوە دارشتنێکی تری هەبوو بێت تا ئەمرۆ بەمشێوەیە کەوتۆتە بەردەستمان. بەناوبانگترین چیرۆکی ئەم کتێبە (عەلی بابا و چل دز) ە کە منداڵان و مێرمنداڵان لە هەموو جیهاندا حەزی پێدەکەن، لە بەناوبانگترین ناوی ناو دەقەکانیش بریتیین لە (گوڵی هەنار، فریشتە، ئەفسانە، شەهریار، شەهرەزاد، شازەمان، دینازاد، شەیدا، تاج الملوک، پەری باشی، جەواهیر، خواجە، بابا عەبدوڵڵا، جیهانشا، سەمەندەرو ... هتد (رەحمانی، ٢٠٠٦، ل. ١٠٦).

شایانی ئاماژە پێکردنە هەزارویەک شەوە لە زۆر ڕووەوە لە چیرۆکەکانی (کلیلە و دمنە) ی هیندی لێک نزیکدەبنەوە بەهۆی بەکارهێنانی ئاژەڵ و گیانلەبەر وەک کارەکتەری چیرۆکەکان، هەروەها لەم خاڵەشدا لە (کلیلە و دمنە) دەچێت، کەوا شاژن شەهرەزاد هەوڵی گۆرینی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی شا شەهریار دەدات، هەروەک چۆن (بەیدەبا) ی فەیلەسوف بە چیرۆک گێرانەوە بۆ (شا دبیشلم) ئامۆژگاری دەکات لە حوکمرانییەکەی لە هیندستاندا، و لەم ڕیگەیەوە دەهێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست و دادپەروەری (إبن المقفع،٢٠٠٧، ل. ١-١٠)، واتە ئامانج لەهەردوو کۆمەڵە چیرۆکدا یەکە، بەڵام لە دارشتنی جیاوازدا دەرکەوتوون، بەو هیوایەی دەستی لێکۆڵینەوەییان پێبگات.

لێرەدا بە مەبەستی ئاشنابوونی زیاتر بە هەزارو یەک شەوە، بە پێویستی دەزانین کورتەیەک سەبارەت بە بەسەرهاتی (شا شەهریار) و (شا زەمان) ی برای بخەینە ڕوو، کە بنچینەی دروستبوونی (هەزارو یەک شەوە)یە.

## ٢ . ٢ كورتكراوەیەك لە بە سەرهاتی شا شەهریار و براكەی شا زەمان:

**زەمان:** دەگێڕنەوە کە لە دێر زەمانـدا شایەک هەبوو، دوو کوڕی هەبوو، گەورەکەیان بە (شەهریار) ناسراو بوو دلێرتر بوو لەبرا بچوکەکەی (شازەمان)، بچووکەکەیان بوو بە شای (سەمەرقەند)، کاتێک برای گەورە بیری برا بچووکی دەکرد وەزیرەکەی بەدوادا نارد، و برای بچووک بەڕێ کەوت بۆ لای برا گەورە، لە کاتی نیوەشەودا بیری کەوتەوە کە ئەو دیارییەی بیر چووە کە بە نیاز بوو پێشکەشی برا گەورەکەی بکات، بۆیە گەڕایەوە بۆ کۆشک و لەوێ خیانەتی لە هاوسەرەکەی بینی لەگەڵ بەندەیەکی ڕەش پێستدا، یەکسەر هەردووکیانی لە هەمان جێگەدا کوشت و بەردەوام بوو لە گەشتەکەی، کە گەیشتەجێ، برا گەورە داوایکرد کە گەشتێکی لەگەڵدا بکات بۆ ڕاوو شکار، بەڵام برای بچووک حەزینەکرد، بۆیە بە تەنها لە کۆشکی میوانداریدا مایەوە، کۆشکەکە چەند پەنجەرەیەکی تێدا بوو کە دەیڕوانی بەسەر باخ و بێستانێکدا، لە پەنجەرەکەوە بینی براژنەکەی لەگەڵ نۆکەرێکدا دەستی تێکەڵکردووە، بڕیاریدا هیچ کارێک نەکات و هیچیش بۆ براکەی باسنەکات، بەڵآم دوای ئەوەی براکەی پرسیاری هۆی دڵتەنگییەکەی لێکرد، و دوای ماوەیەک نکۆڵیلێکردن ناچار بوو هەموو بابەتەکەی بۆ گێڕایەوە. بۆیە هەردووکییان بڕیاریاندا سەری خۆیان هەڵگرن و بە نهێنی بڕۆن، تا بۆیان ڕووندەبێتەوە ئەم ڕووداوەی بە سەریاندا هاتووە بەسەر کەسی تردا هاتووە یان نا؟. چەند شەو و ڕۆژێک ڕۆیشتن تا گەیشتنە دارێکی بەرز کە کەوتبووە کەنار دەریایەک، دانیشتن بۆ حەسانەوە، دوای تێپەڕبوونی کاتژمێرێک دەریاکە شێواو ستونێکی ڕەشی لێ بەرز بۆوە بەرەو ئاسمان، زۆر ترسان و سەرکەوتن بۆ سەر دارە بەرزەکە، جنۆکەیەکی باڵابەرزی زل دەرکەوت کە سندوقێکی لەسەر سەری هەڵگرتبوو، سندوقەکەی کردەوە جانتایەکی بچووکی تێدا بوو، دەریهێناو کردیەوە، کچێکی جوانی لێ هاتەدەر کە وەک خۆر دەدرەوشایەوە، جنۆکەکە سەری بە

رانی کچەکە کردو خەوت، کچەکە سەیری سەر دارەکەی کرد، دوو براکەی بینی، سەری جنۆکەکەی لەسەر رانی خۆی لابردو بانگیکردن و داوای لێکردن کە لەگەڵیدا بخەون، بە پێچەوانەوە جنۆکەکەیان لێ بە ئاگا دەهێنێت و دەیانکوژێت، ئەمانیش لە ترسان بە ناچاری داخوازیەکەیان جێبەجێکرد، کچە تورەگەیەکی لە گیرفان دەرهێنا کە حەفتاو پێنج ئەنگوستیلەی تێدا بوو. گوتی: (خاوەنی ئەم ئەنگوستیلانە هەموویان بە دزی ئەم جنۆکەیە لەگەڵمدا خەوتوون، ئێستاش هەردووکتان ئەنگوستیلەکانتانم بدەنێ تا بیخەمە ریزی ئەوانی تر)، و گوتی: (ئەم جنۆکەیە لە شەوی بوکێنیمدا منی ڕفاندو لەناو ئەم جانتایە بەندیکردووم و جانتاکەشی خستۆتە ناو ئەم سندوقە و بە حەوت قفڵی گەورە داخراوە، و هەڵیداومەتە ناو قوڵایی دەریاکان، نازانێ گەر حەزم لێبێ خیانەتی لێبکەم، دەتوانم ئەم کارە بکەم، بۆیە ئەم ڕەفتارە دەکەم). دوو براکە سەریان سوڕما بوو لەبەر خۆیانەوە گوتیان: (گەر جنۆکەیەکی وا ئەم کارەی بەرامبەر بکرێت، زۆر ئاساییە ئێمە وامان بەسەرهاتووە)، یەکسەر بەرێکەوتن و گەڕانەوە شار، شا شەهریار لەسەری شاژن و دۆستەکەیدا. لەمڕۆژەوە شا شەهریار بەهۆی ئەوەی متمانەی بە ئافرەتان نەما بوو، یەک لەدوای یەک کچانی شاری دەخواست و لە شەوی بوکێنیدا لەگەڵیان دەخەوت و دەیکوشتن، ئەم کارە سێ ساڵی خایاندو ترسی خستە ناو میللەت، خەڵک لەگەڵ کچەکانییان هەڵدەهاتن، تا دواجار فەرمانی بە وەزیردا کە کچێکی تری بۆ بخوازێت، بەڵام وەزیر زۆر لە شاردا گەڕا هیچ کچێکی دەستنەکەوت، بۆیە بە نائومێدی گەڕایەوە ماڵی خۆی، وەزیر دوو کچی جوان و زیرەکی هەبوو گەورەکە ناوی (شەهرەزاد) و بچووکەکەیان (دنیا زاد) بوو، کچە گەورەکە زۆری کتێبی مێژوویی و ژیاننامەی شاهان و ڕووداوی میللەتانی خوێندبۆوە، و بڕی هەزار کتێبی لەم جۆرەی کۆکردبۆوە، ڕووی لە باوکی کردو گوتی: (باوکە، ڕێگەمبدە، با من شوو بەشا بکەم، یان دەبمە قوربانی وەک کچانی تر، یان کچانی ئەم نەتەوەیە لەم زۆردارییە ڕزگار دەکەم)، بەمشێوەیە شەهرەزادی کچی وەزیر درا بە شا شەهریار (حلبي، ٢٠٠٥، ب. ١، ل. ٥ - ٨).

جا لەبەرئەوەی کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە دەرخستنی لایەنی کارتێکردنی ئەم دەقە بەسەر چیرۆکێکی کوردی، و ئەوەی زۆر لە چیرۆکە کوردییەکە نزیکدەبێتەوە، بریتییە لەو دەقەی کە لە چوارچێوەی

کتێبی (هەزارو یەک شەوە) دا ناونراوە (شەوی هەزارو یەک)، و لێرەدا کورتەیەکی ئەم دەقە دەخەینە بەرچاو.

**٣.٢ کورتکراوەیەکی چیرۆکی ( شەوی هەزارو یەك):** شەهرەزاد لەم ماوەیەدا سێ کوڕی لە شا شەهریار هەبوو، بەر پێی شای ماچ کردو گوتی: (ماوەی هەزارو یەک شەوە ڕووداوی پێشینان و پەندو ئامۆژگاری ئەوانت بۆ باسدەکەم، بۆم هەیە داوایەک بکەم؟). شا گوتی: ( داوا بکە تا بۆت جێبەجێ بکرێت)، ئنجا شاژن بانگیکرد منداڵەکانی بۆ بهێنن کە هەرسێکیان کوڕ بوون، گەورەکەیان سەر پێ کەوت بوو، ناوەنجی گاگۆلکەی دەکرد، بچووکەکەیان شیرە خۆرە بوو، منداڵەکانی لەبەردەم شا داناو گوتی: (داواکارم بمبەخشی لە کوشتن بەهۆی ئەم منداڵانە، گەر بمکوژیت ئەم منداڵانەت لە نازی دایکییان بێبەش دەکەی، شا گریاو منداڵەکانی لەباوەش گرت و گوتی: (شەهرەزاد، پێش بانگکردنی ئەم منداڵانە ئەم بڕیارەمدا بوو، هەستمکرد چەند داوێنپاک و بە ڕەوشتی، هیچ کارێکی زیانبەخشت بەرامبەر ناکەم)، ئنجا شەهرەزاد داوای تەمەن درێژی بۆ کرد. لە هەموو شاردا بوو بە شایی و هەڵپەرکێ، شا بە دوای وەزیری باوکی شەهرەزادیدا ناردو خەڵاتی کرد، کە کچێکی وا ئاقڵ و زیرەکی پەروەردە کردووە، کە بوو بەهۆی گەڕانەوەی شا لەخراپەکاری، بڕیاریدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ شار بڕازێتەوەو ئاهەنگ بگێڕن بێئەوەی هیچ کەس خەرجییەک بگرێتە ئەستۆ، بەڵکو هەموو خەرجییەک لەسەر ئەستۆی شا بوو، شار ڕازایەوە، دەهۆڵ دەکوترا، زوڕنا لێدەدرا، یاری دەکرا، هەموو خەڵکی شانشین بە خەڵات و دیارییەکان بەسەر کرانەوە، شا شەهریار شادو شانشینەکەی لەوپەڕی شادی و کامەرانیدا ژیان، تا ئەمڕۆژەی کە بای ئەجەل هات و هەریەکەیان بۆ دوا ئارامگەیان کۆچی یەکجارییان کرد (حلبي، ٢٠٠٥، ، ب. ٢، ل. ١٢١٠ - ١٢١٢).

لەبەرئەوەی"هەزارو یەک شەوە بەچەند چاخێکی جیاواز نوسراوەتەوە" (هلال، ١٩٨١، ل. ٢٢٠)، بووە بە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ هەر نووسین و گێڕانەوەیەک گۆڕانکاری و زیادکردن و کەمکردن بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بایەخی خۆی لەدەستنەداوەو بۆ چەندین زمانی جیهان وەرگێڕدراوە، و لەچەندین چیرۆکی ئەم میللەتانەدا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەکو

لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا یـەکێک لـە چیرۆکـەکانی چیرۆکنووسـی کـورد محەمـەد مـەولود ـ مـەم ـ دەبینین، ئـەو چیرۆکنووسـە شـەوێکی تـری بۆ هـەزارو یـەک شـەوە زیـاد کـردووەو لەمەشـدا هونـەرکاری نوانـدە، هـەروەکو لـە خـوارەوە کورتەیـەک لـەم چیرۆکـە دەخەینـە ڕوو، تـا دواتـر کـاری بـەراورد کردنەکـە ئاسانتر بێت.

**٢ ـ ٤ " ( شەوی ..... هەزار و دووەم ) ی محمد مولود ـ مەم:** مرۆ، بۆ خوا بڵێ.. شاهیدی لە ئیمانە، حاجی شێخ مەلا عبد القدووسی قازی شاری جابولقا، کە دوا چەکەرەی بنەماڵەی شێخ قوتبەالدینی، خاوەنی دین و دونیای سەردەمی خۆی بوو، پیاوێکی ڕاستگۆو ڕاستڕۆ بـوو، زۆرجـار لەگـەڵ خۆیدا دەیگـوت: بـۆ کـێ؟ خـۆم بگـۆڕم؟ هەتاکـەی ڕاسـتی لـەم خەڵکـە بشـارمەوە؟ سـەبارەت بـەچی خـۆم شـەرمەزاری دونیـا و قیامـەت بکـەم؟! ئـەوە بـوو، لـە دواییدا بڕیاریدا خودای خۆی ڕازی بکات ویژدانیی بهەسێنێتەوە، هەروا بـاری ئازاری قەبریش لەسەر باب و باپیرانی سووک بکاو .. نهێنییەکە ئاشکرا بکا؟. لە نیوە شـەوێک، پاش ئەوەی سوننەت و تەراویحەکەی بەجێگەیانـدن، لەسـەر بەرماڵ هەڵسـتا، بـە پەنجـەکانی دەسـتیی ڕدێنـە سـپییە درێژەکـەی شـانە کـرد، حەمـدو سـەنای خـوای کـرد، لیچکـی بەرماڵەکـەی هەڵدانـەوە، ڕای کـردە لای دیوارەکە، دەستی بۆ دەلاقەکە درێژ کرد، کتێبە کۆنەکانی، ئـەملاو ئـەولاکردن، هەڵیدانـەوەو داینانـەوە، تـا پێچراوەیـەکی زەردی پیری لـەناو دەرهێنـان! تـۆزو خۆڵەکەی لێداوەشاند، خستییە بن هـەنگڵی و گـەڕایـەوە جێگایەکـەی. سـینگ و بـەرچێرو لا شـانەکانیی و دامـەنی جوببەکەشـی داکوتـان. بێئـەوەی لیچکـی بەرماڵەکـە لێکبکاتـەوە، لەسـەری دانیشـتەوە، چاوێلکەکـەی لـەچاوی کـرد، لەسەرخۆ پێچراوەکەی لێککردەوە، ئاوڕێکی لـە دەورو دیـواری حوجرەکـەی دایەوە، بە دەنگ دەستی بە خوێندنەوە کرد:

لە شـەوی هـەزارو دووەمـدا، شـەهرەزاد لەسـەر تەختەبەندەکـەی، لێی ڕاکشـا بوو، جارجارە نرکەیێکی دەکرد، بە دەنگێکی ناسک دەینالآند، ژوورەکـەی لـە ناو کۆشکە گەورەکەدا، وەک ڕۆژ دەدرەوشایەوە. ئەو شـەوە شـەوی پـێ نانـە دونیـای، بـەری شـیرینی ئـەوێنی و دڵسـۆزی و یـەکبوونی بـوو لەگـەڵ شـەهریاردا، بـەری هـەزارو یـەک شـەوەی پـڕ کامـەرانی و دڵنیـایی و بـڕوا و ئاوات و هیوا بوو.

شەهریاریش لەسەرینگای ژنەکەی، ژنە خۆشەویستەکەی دانیشتبوو، بەری دەستێکی لەسەر هەینە گەرمەکەی ڕاگرتبوو، ناوناوەش، دەستەکەی دەگوازتەوە سەر ڕوومەتە سوورو نەرمەکانی، بە بزەییێکی گەش دەیدواند، ڕازو نیازی لەگەڵدا دەگۆڕینەوە. لەناو ئەم ڕازو نیازەدا، لەپڕ سەر دەستەی جاریەکانی کۆشک، دەرگای کردەوە!! چرپەییێکی بە گوێی شەهریاردا کرد! شەهریار دەستەکەی سەر ڕوومەتی شەهرزادی کێشایەوەو هەڵستایە سەرپێیان، ژوورەکەی بەجێهێشت.

شەهریار زۆر دڵی بەکۆرپە چاوەڕوانکراوەکەی خۆشبوو، کاتێ خەیاڵی لە ڕۆژە ڕابوردوەکانی پێش ناسینی شەهرەزادی دەکردەوە، شەرمێک دایدەگرت، ئازارێکی دژوار دەکەوتە دەروونییەوە! پەشیمانی لەسەر ڕووی دیاریدەدا، هەر لەپێناو پۆشین و ڕەشکردنەوەی شوێنی ئەو ڕۆژە ڕابوردوانەو بەبۆنەی ئەمرۆژە پیرۆزەشەوە، دەنگی دابوو هەرچ حەکیم و شالیار، پزیشک و زاناو داناو شێخ و کەشیش و پیاوماقووڵ و لێزانانی چوارقۆرنەی وڵاتی، بانگهێشت کرد بوون، ئەمانەی کۆکردبوونەوە، هەتا لە ئاهەنگی لە دایکبوونی جێگرەکەی، هەریەکە بەپێی توانا و زانایی و لێوەشانەوەو شارەزاییان بەهرە بنوێنن بۆ ئەوەی منداڵەکەی بە ڕێکوپێکێ بێ گرێ و کەموکورتی، لە دایک ببێتەوە!.

لە هۆڵە فراوانەکەی کۆشک، لەبەر دەرگای ژوورەکەی شەهرەزاد، هەزاران لەو زاناو داناو حەکیم و پزیشک و فەیلەسووف و نووسەرو ڕۆژنامەچی و پیاو ماقوولانە، ڕیزیان بەستبوو، چاوەنواری لەدایککەوتنی شا بەچچەیان دەکرد!.زانایەکان کتێبەکانییان لێک کردبوونەوە، دانایەکان سەریان بەسەر ڕیشیان داگرتبوو، لەگەڵ فەیلەسووفەکان، سێ و دوویان بە پەنجە ڕەق و تیژو درێژەکانییان دەکرد!! لە ناو دەریای عیلم و فیکرو فەلسەفە، وشکە مەلەیان دەکرد! حەکیم و پزیشکەکان چەقۆو نشتەرەکانیان دەسوین! دەرزی و درێشەو سوژنەکانیان تیژ دەکردنەوە. خەلیفەو دەروێشەکان، شیرو زەرگ و ڕمەکانیان ئاومال کردبوونەوە، بریقەیان لێهەڵدەستا! ئەستێرەوانەکان، گوێ ماسی و چورتیان هەڵداویشتن، نووسەرو ڕۆژنامەچییەکان، تەواو قورمیش کرا بوون، چاوو گوێچەکەیان کرد بوو بە ڕادار!. لە ڕیزەکانی دیکەش، میر.. والی.. ئاغا، قوماندان و بازرگان،

فەرمانبەرو قۆنتەراتچیەکان، دەمیان بزەی خۆشیی لێ دەباری، بەڵام کەس نەیدەزانی، دڵ و دەروونییان چی تێدایە!؟.

لە دوای ئەمانەشەوە، ریزی گوڵ بەدەستان، دیاری هەڵگران، شاعیرو بخوور بژێن، لە هۆڵەکەدا جێگای خۆیان گرتبوو. لەدەرەوەی کۆشکیش، دەرگەوانەکان لەبەر تاقە گەورەکە، خۆیان چاند بوو. چەک بە دەستان بە دەوری کۆشکدا دەسووڕانەوە.. تا ناحەزو دوژمن، شەوە.. دێوو درنج و هەموو ئەوانەی لێیان دەوەشێتەوە .. زیان بە کۆرپە ساوایەکە بگەیەنن.. لە ناویان بەرن و تەفرو توونایان بکەن.

لەدوای ئەمانەشەوە، لۆتی، مەیموونەوان.. دۆلەنگێو، تەنافباز.. بۆری ژەن، چاوەش و سەماکاران، هەر ریزە، بەپێی بەهرێیک خوا.. پێی دابوون.. دەوری خۆیان دەگێڕا ! لە پاشی پاشەوەش، جەماوەری خەڵکی وڵات، لە گۆڕەپانەکەی پێش تاقە گەورەکە، لە مەیدانەکانی شار، ئاهەنگییان سازدەدا، بەزمییان دەگێڕا، دوعای ساغی و سەلامەتیی شازادەی تازە و شەهرەزادی دایکییان دەکرد، شەهریاریش، لە هەیوانە فراوانەکەدا لەناو ریزەکان دەهات و دەچوو، زاناو گەورە پیاوانی دەدواندن، رووی خۆشی تێدەکردن، بزەی شادیی بەسەردا بڵاودەکردنەوە، ناونـاوەش، بۆ سەر باڵکۆنەکە سەر دەکەوت، سەرێکی لەحەشاماتەکەی بەر تاقی کۆشک هەڵدەکێشا، بە روویاندا دەگەشایەوە .. بەدەست تەمەننای بۆ دەکردن.

کاتێک کە دەنگی: ئەنغا.. ئەنغای ساوایەکە لە ژووری شەهرەزاد بەرزبووە، دەرگای ژوورەکە کرایەوە، پیرێژنە سەر سپییە پسپۆڕەکە، بە.. پەلە دەرپەڕیە دەرەوە، بۆ شەهریار نوشتایەوە، شەهریار لەخۆشیاندا راپەڕی، رووی کردە هۆڵەکە، بانگی موژدەی راهێشت:

ـ موژدە بێ.. کورێکمان بوو... شازادەیەکتان بوو! لەگەڵ ئەو بانگە، هۆڵە فراوانەکە، وەکو دەریا شڵەقا.. ریزەکان، مۆنج .. مۆنج، کەوتنە ململانێ و پاڵدان، هەریەکەیان دەیهەویست پێشئەوی تر بگاتە خزمەت شاو شاژن!! وە بە دیدەنی مەلۆتکە پیرۆزەکە شاد ببێ، لە ئەنجامی ئەو هێنان و بەیەکدا هاتنەی ریزەکان، گەلێک لە ریش سپی و بێهێز.. دەکەوتنە ژێر پێیان! هاوارییان لێهەڵدەستا! حەکیم و پسپۆرو پزیشکەکان، چەقۆو نشتەرو دەرنافیس و ئامرازە وردەکانییان لەمەلۆتکە ساوایەکە خستەکار! فەیلەسوف و داناو زاناکان، چنگیان لە لاشە ناسکەکەی گیر کرد، شالیارو بازرگان و

ئەوانی دیکە، کە خۆیان لە دواوە دەدی .. تەنگاو دەبوون، بە پاشە دزە، لە سەرخۆ بۆ دەکشانە دواوەو تا لەپڕ.. بەگوڕ خۆیان لە ڕیزەکانی پێشەوەیان دەدا! بڕیان پێدەدان.. بە تەکان.. بە مل کەلێنییان لەڕیزەکان دەخست، خۆیان لەکەلێنەکانەوە دەبرد.. تاکو دەگەیشتنە سەر مەلۆتکەکە! مەلۆتکەکەیان لە باوەشی دایکی هەڵدەگرت، هەریەکەیان دەستکاری خۆی تێدا دەکرد!! ئەمانە ناحەقیان نەبوو، دڵسۆز بوون! هەریەکەیان حەزی دەکرد خزمەتێک پێشکەش بەجێگری شایان بکەن و هەروەها شاو شاژنیش ڕازیبکەن!.

بەم ڕەنگە یەکێک لووتی ساوایەکەی دەگووشی، تا ڕاستی بکاتەوە، وەک دەندووکی کوندەبەبۆ خواری دەکردەوە! پزیشکەکان ناوکی کۆرپە ناسکەکەیان لە ڕەگەوە دەرکێشا!! ئەوەی فرچکی دەدا، وەها ڕای دەوەشاند .. جەرگ و هەناوی ساواکەی دەلەقاندن.. دەست و پێی لە.. گە دەبردن، یەکێک گوێچکەی دەخوراند، لە بناگوێوە هەڵیدەقەنی!! حەکیمەکان لا گونێکی کۆرپە ساواکەیان لێکردەوە .. دەیانگوت :

ـ لووە .. زێدە گۆشتە!! بەهەموو لایێک.. لەخۆشەویشتی شاو شاژندا، ساوایەکەیان لێک دەکێشایەوە، تاکو شەت و خوارو کەلمیان کرد! کردیانە جۆرە دەعبایەک، بەهەموو شتێک دەچوو بەبەنی ئادەم نەبێ!

شەهرەزادی دایک کە ئەمەی بەچاوی خۆی دیت، لەهەژمەتان یەکسەر لەهۆش خۆی چوو!

شەهریاریش خوێن بەری چاوی گرت، ئاگرێک کەوتە دەروونییەوە، لەرکاندا فەرمانیدا، بۆ ئاخیرجار، دەرگای زیندانی پڕ مشک و ماری ژێر زەوی کۆشکەکە، بخەنە سەر پشت ! وە لەسەر مێژوو نووسەکەشی کرد، کە ئەوشەوە لە دەفتەری ژیانی بنەماڵەکەی تۆمار نەکا، وە لەهەموو مێژووی دونیای ئەو سەردەمەش بیپەڕێنێ!!

بەم ڕەنگە هەتا ئێستاش، هەموو دونیا، هەزارو یەک شەوەکە، دەچوون.. دەیچوون کاوێژی دەکەنەوە، کەسێک ئاگاو خەبەری لەم شەوی شەوە زەنگەی هەزارو دووەمینە.. نییە! ... شێخ عبدالقدوسی قازی شاری جابولقاو نەوەی شێخ قوتبەل دینی گەورە، کە لەخوێندنەوە بووەوە، نووسراوەکەی پێچایەوە، بە چاکی لوولی دایەوە، لە سەر بەرماڵەکە هەڵستا، خستیەوە جێگاکەی پێشووی لەناو دەلاقەکەدا. ئەوجا هەر بەپێوە، هەناسێیکی فێنکی دوورو درێژی هەڵکێشا.. ڕمێک خۆی لێک کێشایەوە، وەکو بارێکی گرانی

لەسـەر شـانی لا دابـێ، ئـەوها لەشـی سـووک بـوو.. بـە هەڵبـەز.. هەڵبـەز گـەڕایـەوە سـەر بەرماڵەکـەی، کـاتێ لیچکی بەرماڵەکـەی لێک دەکردنـەوە، بـۆ یەکەمجار وەنەوزێکی دریژ دریژی دایەوە!! ماوەییێک هەستی ڕاگرت.. گوێی ڕایەڵ کردن :

قوو ... قوو .. قوو .. وو.. و کەڵەشێری بەیان بانگی دەدا، ڕووی دە قیبلە کـرد، فـەرزی بـەیانی بـەجێهێنا، لەسـەر بەرماڵەکـەی گرمۆڵـەی کـرد، ... تـا خەوێکی قوڵ بردیەوە" (مەم، ١٩٨٤، ل. ٢١٣ - ٢٢١).

## ٢ ـ ٥ سـەبارەت بـە چیرۆکـی (شـەوی هـەزار و دووەم ) و چیرۆکنووسەکەی:

**چیرۆکنووسەکەی:** محمد مولود ـ مەم ـ چیرۆکنوسێکی گەورەی کوردە."مەم یەکێکە لەو کەڵە چیرۆکنووسانەی کە لەدوای ناوەڕاستی پەنجاکانەوە دەستی داوەتـە چیرۆکنووسـین، تـا بـەر لەمردنیشـی هـەر بـەردەوام بـووە. بـە سەرەتایەکی بەهێز هاتۆتە مەیدانـەوەو توانیویـەتی تا دوا بەرهـەمیش ئاستی ئـەدەبی خـۆی بپارێزێـت لـەماوەی تەمـەنی ئـەدەبی خۆیـدا ڕۆژ بـە ڕۆژ پتـر پەرەی بەخۆی داوەو تا ڕادەیکیش ئاگای لە ژانرە ئەدەبییەکان بووە، بەمـەش توانیویەتی بەرهەمەکانی جێگیر بکات. هەرچەنـدە مـەم نووسـینی کـەمن بـەڵام بەهێزن، هەر ئەمەشە بۆتـە هـۆی ناسـینی لـەناو ڕۆشـنبیراندا"( ئەحمـەد،١٩٩٣، ل. ٦). سـەبارەت بـە نازناوەکەشـی:" مـەم هـەر لـە سـەرەتای ژیـانی ئـەدەبی خۆیدا، هەروەکو زۆربەی نووسەرو ڕۆشنبیرانی تر نازناوی تایبەتی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، کە لە پاش جەنگی جیهانی دووەم لە نـاو خەڵکدا بـاو بـووە. بۆ ئەم مەبەستەش نازناوی مەمی هەڵبژاردووە، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی تیپی یەکەمی ناوی خۆی و باوکی و بووە بە مەم ..." ( ئەحمەد، ١٩٩٣، ل. ٦).

مەم خۆی لـە باسکردنی سـەرەتای خوێندەواری و سـەرچاوەی ڕۆشـنبیر بوونی خۆیدا دەڵێت:" مامۆستای یەکـەمم دایکم بـوو، بـەچیرۆکی فۆلکلۆری و ئەفسـانەو پەنـدی پێشـینان خرچکـی دا بـووم" (ڕۆڤـار، ٢٠٠٠، ل. ٢٩)، واتـە شـارەزای چیـرۆک و ئەفسـانەی فۆلکلـۆری بـووە، بـەڵام وەک چیرۆکنووسـین یەکەم چیرۆکی هونەریشی لـە سـاڵی ١٩٥١دا نووسـیووە بـە نـاوی (برسـیەتی بەهێزترە) و لە کـاتی خۆیدا بڵاونەکراوەتـەوە. یەکـەم چیرۆکـی بڵاوکراوەشـی بـە نـاوی پـەنجا فلـس بـووە کـە لەسـاڵی ١٩٥٧ لـە گۆڤـاری هیـوا دا بڵاوکراوەتـەوە. لەسـەر لاپـەڕەی گۆڤارەکـانی ئـەو سـەردەمە، وەکـو هیـواو

بڵێسەو ڕۆژی نوێ بڵاوکردۆتەوە، لەساڵی ١٩٧١دا بیری ڕوانگە سەریهەڵدا، مەم یەکێک بووە لەو کەسانەی بە گەرمی پێشوازی لەو ڕێبازە کردووەو لەژێر کاریگەری ئەویش چەند چیرۆکێکی وەکو (سەرەتاو دوایی، شەوی هەزارو دووەم، ئەو گورگەی یوسفی خوارد، عاجباتی هەشتەم) ی نووسیوەوە "( ئەحمەد، ١٩٩٣، ل. ١٦)، بەڵام کاتێک کە خۆی باس لەچۆنیەتی خۆ پێگەیاندنی خۆی دەکات لە ڕۆژگاری شەڕی جیهانی دووەمدا، دەڵێت :" ئەو سەردەمە کتێب لە نان هەرزانتر بوو، پتر کتێبم دەخوێندەوە جگە لە ئەدەبیاتی کۆمەڵە سیاسیەکانی ئەم سەردەمە، چیرۆکنووسە گەورەکانم ناسی"(ئەحمەد،١٩٩٣، ل.٤٠)، دوور نییە لەم دوو سەرچاوەوە هەزارو یەک شەوەی ناسیبێت. هەر چۆنێک بێ شارەزایی باشی هەبووە لە ئەدەبی فۆلکلۆرو میللی و لەمەوە ئەم چیرۆکە لەدایکبووە کە لە ناو چوارچێوەی بەرگی دووەمی (چیرۆکەکانی مەم) لەژێر ناونیشانی (شەوی هەزارو دووەم) بڵاوکراوەتەوە، کە کاریگەری (هەزارو یەک شەوە)ی بەسەرەوە دیارە، و ئەمجۆرە کاریگەریەش هەر لە کۆنەوە لەناو ئەدەبی جیهانیدا هەبووە، و بە (کاریگەری ئەدەبی) ناودەبرێت، لە کۆنەوە باس لەمجۆرە کاریگەرییە کراوە، هەروەکو (هۆراس)ی نووسەرو ڕەخنەگری ڕۆمانیی لە کتێبی (هونەری شعر) دا کە لە ساڵی ١٤٦ پ.ز. نووسراوە، لە بارەی کاریگەری ئەدەبی و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە ئەدەبی نەتەوەکانەوە، دەڵێت :" ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە شەوو ڕۆژ نموونە گریگەکانتان لەبەرچاو بێت"(عزیز، ٢٠٠٥، ل. ٣١)، واتە هانی گەلەکەی دەدات سوود لە نمونەی ئەدەبی گریکەکان وەربگرن. بە هەمان شێوەش ئەم چیرۆکنووسەی کوردیش ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییە کاری تێکردووەو چیرۆکێکی تازەی لە قالبێکی تازەدا بەرهەمهێناوە، ئەمجۆرە کاریگەرییە ئەدەبییەش لە ئەدەبی بەراوردکاری بە (کاریگەری پێچەوانە) ناسراوە، و عەزیز گەردی بۆ پێناسە کردنی دەڵێت:" ئەوەیە نوسەرێک یان شاعیرێک بەرهەمی نوسەری نەتەوەیەکی تر بخوێنێتەوەو بیروڕای نووسەرەکی بەدڵ نەبێ و بە زمانی خۆی بەرهەمێکی نوێ دابنێ لە هەمان جۆردا"(گەردی، ١٩٨٧، ل. ٥٩)، ئەمیش وایکردووەو شەوێکی تری بۆ چیرۆکەکە زیادکردووەو وای پیشانداوە (شەوی هەزاری دووەم) یشی لەدوایە، ئەمەش لە ئەدەبی میللەتاندا زۆر باوە، چونکە ناوبانگی ئەو شاو شاژنە بەناو هەموو گەلانی

جیهاندا تەشـەنەی کـردووە، چونکـە" شـەهرزاد شـا شـەهریاری خسـتە سـەر ڕێگـای مرۆڤایـەتی گواسـترایەوە بـۆ نـاو ئـەدەبی هاوچـەرخی عـەرەبی... هەروەکو شانۆنامەی (شەهرزاد) ی (توفیق الحکیم و گە حسین) و چیرۆکی (خەونەکانی شەهرزاد)ی (طە حسین)" (هلال، ١٩٨١، ل. ٢٢٢)، و زۆرن ئەم بەرهەمە ئەدەبییانەی کە بەناوی شەهرزاد کراوە، یان ئەم کەسایەتییە بووە بەپاڵەوانی چیرۆکەکانییان، هەروەکو" مسعودی وای دەبینێ کە نووسەرەکان لـەم سـەردەمەدا ئـەم چیرۆکانـەیان خوێندۆتـەوەو بـە شـێوەیەکی نزیـک دایانڕشتۆتەوە، واتە لە ئەسڵدا نوسراوەتەوەو دابەزیوەتەوە بۆ ناو ئەدەبی میللی و ئـەدەبی فۆلکلۆر، و بۆی زیاد کراوەو لێی گۆڕاوە، ئەمـەش واتـای ئـەوە دەگەیـەنێ کاریگـەری ئـەدەبی تـری بـە سـەرەوە هەیـە، چونکـە ئـەدەبی میللی هیچ سنورێکی نییەو ئەدەبەکان تێکەڵدەبن"(هلال، ١٩٨١، ل. ٢٢٠)، بۆ نموونە (طە حسین) چیرۆکی (خەونەکانی شەهرزاد) دەنووسێت زۆر ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات کە ژیانی شەهرزادو شـەهریار دوای هـەزارو یـەک شـەوە هـەر بـەردەوام دەبێت، و لـە چیرۆکەکـەدا دەڵێت :" لـە شـەوی نۆیـەمی دوای هەزاردا، شەهریار بە شڵەژاویی لە خەو هەستا، گوێی لـە دەوروبـەری خـۆی گرت بۆ ئەوەی گوێبیستی ئەم دەنگە بێ کە لەخـەوی هەستاند..."(حسـین، بێ ساڵی چاپ، ل. ١١)، واتە بە پێچەوانـەی هـەزارو یـەک شـەوە، لـەم چیرۆکـەدا شەوی هەزارو نۆیەمیش بەدیدەکرێت.

لە ئەدەبی کوردیشدا، "محمد مولود مـەم یەکێکـە لـەو چیرۆکنووسـانەی کـە زۆر بایـەخی بـە خـەیاڵ و فانتازیـا داوە هـەر لـە چیـرۆکـەکانی سـاڵانی شەسـتەکانەوە کـە سـوودی لـە هەقایـەت و ئەفسـانەو فۆلکلـۆری کـوردی وەرگرتووە بۆ دارشتنی شێوازی نووسینی چیرۆکـەکانی و دواییش سـوودی لە واقیعی سیحریی ئەدەبی ئەمریکای لاتین وەرگرتووەو تاقیکردنـەوەی خـۆی پێ دەوڵەمەند کردووە"(شـەریف، ٢٠٠٩، ل. ١٤٥،١٤٦)، واتـە زۆر ئاسـاییە کـە (مـەم) ئـەم کـردارە ئەدەبییـەی لـە چیرۆکەکەیدا بەرجەسـتە کـردووەو ئەمـە کارێکی نەشیاو نییەو لەمەوپێش لە ئەدەبی جیهانیدا هەبووە، هـەر ئـەو تواناو لێهاتووییەی ناوبانگێکی وەهای پێداوە، کەوا " یەکـەمین چیرۆکنووسـی کوردە کـە چیـرۆکـەکانی بـۆ زمـانی ئـەوروپای وەرگێـڕ درابـن و لـە سـاڵی ١٩٦٥ دا کۆمەڵە چیرۆکێکی عێراق کە لە مۆسکۆ بە ڕووسی بڵاوکرایـەوە، چیرۆکـەکانی (پەنجا فلس و ئاوارەکان و بێ وڵات)ی چیرۆکنووسـی گرتـەخۆی و ئەمـەش

له وەرگێڕانی کچه کوردی سۆڤێتی (زاریێ یۆسۆپۆف) بوو" (شەریف، ٢٠٠٩، ل. ١٤).

## بەشی سێیەم

## لایەنی لێکچوون و جیاوازی نێوان دوو دەقەکە

لە ناونیشانەی لێکۆڵینەوەکەوە دەرکەوت، مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی خاڵە لێکچوو و جیاوازەکانی نێوان ئەو دوو دەقە ئەدەبییە، و دەرخستنی ڕادەی کاریگەری (هەزارو یەک شەوە) بەسەر چیرۆکی (شەوی هەزارو دووەم) ی محمد مەولود - مەم -، بەمهۆیەشەوە لێهاتوویی چیرۆکنووسێکی کورد دەربکەوێت، کەوا کاریگەر بووە بە دەقێکی بێگانەو چیرۆکێکی تری لێدروستکردووە، بۆ ئەوەی زیاتر مەبەستیش بپێکین، بە پێی ئەو بنەماو پێکهاتانەی چیرۆک پێکدەهێنن، ئەم بەشە بەسەر چەند خاڵێکدا ڕیزبەند دەکەین:

١. **ناونیشان**: بریتییە لە بەشێکی سەرەکی دەق،" ناونیشان، بە ناوەڕۆک و بابەتی دەقەکەوە پەیوەستەو گوزارشتی لێدەکات، هەر بۆیەش پێویستە گوزارشت لە زۆربەی ماناو دەلالەتەکانی دەقەکە بکات ئنجا چ ناوی شاکەس، یان شوێن، یان پەیوەندی بە دیاردەو لایەنێکی بیرۆکەی دەقەکەوە هەبێت"(قادر، ٢٠٠٩، ل.١٣٠)، لە بەراورد کردنی ئەم دوو دەقەدا هەست بە لێکچوونێک دەکرێت لە نێوان هەردوو ناونیشاندا، یەکەمیان بریتییە لە (شەوی هەزارو یەک) و دووەمییان (شەوی هەزارو دووەم)، واتە ناونیشانی هەردوو دەقەکە خوێنەری دەق بە هەمان ئاراستەدا کێش دەکەن. ناونیشانی کتێبی (هەزار و یەک شەوە) و چیرۆکی (شەوی هەزارو یەک) ئاماژە بەوە دەکەن کە ماوەی ڕووداو بریتییە لە (١٠٠١) شەو، بەڵام لە چیرۆکە کوردییەکەدا، لە ناونیشانەکەیەوە دەردەکەوێت کە چیرۆکنووس گۆڕانکاری کردووەو ماوەی ڕووداوی چیرۆکەکەی کردووە بە (١٠٠٢) شەو، هەر ئەمەشی کردووە بە ناونیشانی چیرۆکەکەی (حلبي، ٢٠٠٥، ب.٢، ل. ١٢١٣، مەم، ١٩٨٤، ل. ٢١٣ - ٢٢١)، واتە" چیرۆکنووس لە چیرۆکی (شەوی هەزارو دووەم) دا، هەر لەناونیشانەکەیەوە سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشآ، چونکە یەکسەر هەزارو یەک شەوەی بە بیردێتەوە، بەلآم (مەم) باسی شەوێکی هەمان کەش و هەوای هەزارو یەک شەوە دەکات، شەوێک

جیـاوازەو بیرۆكــەی چیرۆكەكەشــی لــەویّوە هــەڵهیّنجاوە، كەواتــە مــەم بــە شێوازێكی هونەری و پڕ لە فانتازیا شەوێكی تر بۆ هـەزارو یـەک شـەوە زیاد دەكات، و لە هەمان كاتیشدا كێشـەی میللەتـە چەوسـاوەكەی لـەناو چیرۆكێكی پڕ لەسیحرو فانتازیـادا بـە دەردەخـات (شـەریف، ٢٠٠٩، ل. ١٥٢، ١٥٤)، واتـە ئەم دوو دەقە لە ڕووی ناونیشانەوە لـە یەكـەوە نزیكن، تـەنها لەیـەک وشـەدا جیـا دەبنـەوە، (شـەوی هـەزارو یـەک) لای چیرۆكنووسـە كوردەكـە بـووە بـە (شــەوی هــەزارو دووەم) (حلبــي، ٢٠٠٥، ب.٢، ل. ١٢١٣، مــەم، ١٩٨٤، ل. ٢١٣- ٢٢١).

٢. **بیرۆكەو بابەت**: بۆ ئەوەی چیرۆكێک بنووسرێت، پێویستە چیرۆكنووس بیرۆكەیەكی لە هزرو هۆشی خۆیدا گەلاڵـە كردبێت تـا ڕووداوەكانی چیرۆكی بــە دەوردا بخولێنێتــەوە،" بیرۆكــە، یەكێكــە لــەو ڕەگــەزە گرنگانــەی كــە پەیوەندییان بە ناوەڕۆكی دەقەوە هەیە، هـەموو دەقێک لـە هـەر ژانرێـک بێت، بێگومان لە سـەر بیرۆكەیەک، یان چەنـد بیرۆكەیـەک كـار دەكـات و بنیـاتنراوە، دەشێت دەقێكیش بیرۆكەیەكی سـەرەكی و چەنـد بیرۆكەیـەكی لاوەكـی هـەبێت، بـەلاّم بیرۆكـە لاوەكییـەكان، پەیوەنـدییان بـە بیرۆكـەی سـەرەكییەوە هـەبێت، بـەهێزو پتـەوی بكـەن، گرنگـی و بایـەخی دەربخـەن و بـەرەو قـولآیی بـەرن. پێویســتە بیرۆكــە پەیوەنــدی بــە ســەردەمەكەیەوە هــەبێت ڕەنگدانــەوەی بـارودۆخی كۆمەڵگـەی بێت، نـەک نووسـەرێک یـان ڕۆماننوسـێک بیرۆكەیـەكی خواسـتراو بهێنێت و سـەر لـە خوێنـەری میللەتەكـەی بشـێوێنێت"(قادر، ٢٠٠٩، ٧١)، هەروەها لە پێناسـەیەكی تـری ئـەم بنچینەیـەی چیرۆكدا دەگوترێت:" كە یەكێک چیرۆكێک دەبیستێت، ئەگەر لە بارەی چیرۆكەكـەوە لێی بپرسـن، پێش هەموو شتێک ڕەنگە بڵێین چیرۆكەكە لەسەرچی بوو؟ بۆیـە هـەموو چیرۆكێک بـە دەوری بابەتێكـدا دەخولێتـەوە، دانەرەكـەی تیایـدا مەبەسـتی دەرخسـتنی ئامانجێكە. بابەت بریتییە لەو بیرۆكەیە كە چیرۆكنوسەكە دەیەوێت لـە كارێكی هونـەری جوانـدا بیخاتـە ڕوو، بابەتەكـە دەكاتـە هــەوێن و لەگــەڵ ڕەگــەزو پایـەكانی تـری چیرۆكـدا، بەسـەر هـەموویانـەوە (زمـان) دەقێكـی هونـەری ڕەنگینییـان لـێ دروسـتدەكات" (حسـین، ٢٠٠٧، ١٨٦)، لـە نێـوان ئـەو دوو چیرۆكەشدا هەست بە جیاوازی دەكەین لە بیرۆكەی چیرۆكەكەدا، لە چیرۆكی (شەوی هەزارو یەک) دا، حاڵـەتی ڕووبـەڕوو بوونـەوەو گفتوگۆكردنی نێوان شا شـەهریارو شـاژن شـەهریار دەبێتـە بیرۆكـەی سـەرەكی چیرۆكەكـە، بـەلاّم

لەبەرئـەوەی دەگوترێـت" سـەبارەت بـەو بیرۆكانـەی كـە ڕۆمـاننووس یـان چیرۆكنووس لـە دەقـە فۆلكلـۆری و حەقایەتەكانـەوە وەریاندەگرێت، دەتوانێت نوێخوازییان تێدا بكات و بەزیادەوە دایانبڕێژێتەوە و بـە گیـان و جەستەیەكی نوێوە بیرۆكـەكان ئـاراستەی خوێنـەر بكاتـەوە"(قادر،٢٠٠٩، ل.٧١)، بیرۆكـەی چیرۆكەكەی محەمەد مەولود ـ مەم ـ لەوەدا دەبینرێت كـەوا " چیرۆكگێڕەرەوە باسی نهێننییەك لە نهێنییەكانی شەوی هەزارو دووەمان بۆ دەخوێنێتەوە كە تێیدا خەڵكێكی زۆر كۆكراونەتەوە بۆ ئەوەی بەشداری ئەو ئاهەنگە بكەن كە بۆ ڕۆژی لەدایكبوونی شابەچەو كۆتایی هاتنی شەوی هـەزارو یـەك ساز كرا بوو. بەڵام ئەورۆژە خراپ بەسەر خەڵكەكەدا دەشكێتەوەو دڵسۆزییەكەی بە پێچەوانـەوە وەردەگیـرێ و بـە بەهانـەی ئـازاردانی مەلۆتكەكـەیان، دەرگـای زینـدانی پـڕ لــە مشــك و ماریــان بــۆ دەخرێتــە ســەر پشــت و مێــژوو نووسەكانیشـیان ئـەورۆژە لـە مێـژوودا دەپـەڕێنن"(ئەحمـەد، ١٩٩٣،ل. ١٦٩)، لەمەوە دەچێتە ناو چیرۆكەكەو" داستانێك بە شێوازی هەقایـەتخوازی پڕاوپڕ لە فانتازیا دەگێڕێتەوە و لەسەر زمانی چیرۆكنووس ئەوە دەردەبڕێ كە هـەتا ئێستاش هەموو دنیا، هـەزارو یـەك شـەوەكە دەجوون و كاویتی دەكەنـەوەو كەس ئاگای لەم شەوەی هەزارو دووەمە نییە تـەنیا شێخ عبدالقدووس قازی شــاری جابولقــاری ئەفســانەیی نەبێت"(شــەریف، ٢٠٠٩، ل.١٥٣)، هۆكــاری لەدایكبوونی ئەم بیرۆكەیەش بۆ ئـەوە دەگـەڕێتـەوە، " لـەو ڕۆژانـەدا كـورد بـە تـەواوەتی كـەوتبووە ژێـر بـەزەیی دەسـەڵاتدارە بەعسـیەكانی عێـراق، كـورد هەستی بـەبی پشـت و پـەناییـەكی زۆر دەكـرد. هـەر بـۆ ئـەوەی خـۆی لـە زەبروزەنگـی جـەلادەكانییان بپارێزێـت دەبوایـە یـا بەتـەپل و زورنـای ئـەوان هەڵپەڕێت و وا نیشانبدات كە دڵسۆزی ڕژێم و سەركردایەتیەكەیەتی یان هـەر بـە جـاری خـۆی كـەڕولاڵ بكـات و هـیچ جموجـوڵێكی سیاسـی دژی ڕژێـم ئەنجامنەدا. ئەمەش گرێیەكی دەروونی دژواری بۆ دڵسۆزان دروستكرد بـوو تووشـی گۆشـەگیری كردبوون"(ئەحمـەد، ١٩٩٣، ل. ١٦٩)، هـەر بەمهۆیـەوە" چیرۆكنووس ڕەخنە لەجەماوەر دەگرێ كە سـەرتاپا دووڕوو و ترسنۆكن لـە جیـاتی ئازایانـە بـەگژ چەوسـێنەرانیاندا بچنـەوەو زینـدە بـەچاڵیان بكـەن، ڕێـدەدەن پتـر بیانچەوسـێننەوەو كۆشـكی قەشـەنگ لەسـەر لاشـەی نیـوە مردوویـان دابمـەزرێنن. دیسـانەوە ڕەخنـە لـە مێژوونووسـانیش دەگـرێ كـە لایەنی تاریكی ئەم دەسـەڵاتدارانەیان نەخستۆتە ڕوو، بـەڵكو هەمیشـە پیاوی

دەربار بوون لە پێناو ئەواندا خەڵکییان پشتگوێ خستووە، کە بێویژدانانە چەوسێنراونەتەوە بەربوونەتە ویزەیان، بێئەوەی سڵ لە ئاین یان مرۆڤایەتی یا هیچ یاسایەکی زەمینی و ئاسمانی بکەنەوە" (ئەحمەد،١٩٩٣، ل.١٧١،١٧٠)، ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان هەردوو چیرۆکدا لە ڕووی بابەت و بیرۆکەی چیرۆکەوە.

٣. **دەستپێک**: لەهەموو چیرۆکێکدا دەستپێک یان سەرەتاییەک هەیە کە خوێنەر لەو ڕێگەیەوە بەرەو قولآیی دەق شۆڕ دەبێتەوە،" Exposition سەرەتا لە چیرۆکدا بە بەشێکی گرنگ ناوزەت دەکرێت، چونکە چیرۆکنوس لە ڕێگەیەوە، دەبێت هەست و خەیاڵی خوێنەر بۆ ناو چیرۆکەکە ڕابکێشێت، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت، کە پێشەکییەکە بە دەستەواژەی بەهێزو سەرنجراکێشەر دەست پێبکات، هەروەها هەوڵیش بدرێت لە پێشەکییدا، کەسایەتییە سەرەکییەکان ببردرێنە نێو چیرۆکەکە"(حوسێن، ٢٠٠٧، ل. ٢٠١)، دەستپێک نیشانەی لێهاتوویی نووسەری دەق دەردەخات،" نووسەری سەرکەوتوو، دەتوانێت بە دەستپێک خوێنەر بەندی دەقەکەی بکات، و وای لێبکات لە خوێندنەوەی چەند ڕستەو پەرەگرافێک، یان چەند لاپەرەیەک دڵی بۆ تەواوی دەقەکە لێبدات. لە دەستپێکیش پێویستە نووسەر چەند بابەت و لایەنێکی دەقەکەی بە کورتی و سەرپێی بۆ خوێنەر بخاتە ڕوو، بە ڕووداوێکی سەرەتایی، یان وەسفێک، یان دیالۆگێکی کورت... هتد بەرهەمەکەی بەخوێنەر ئاشنا بکات. واتە دەستپێک دەبێتە ڕێخۆشکەری دەقەکە بۆ زەینی خوێنەر، بێئەوەی هەست بە ماندووبوون بکات"(قادر، ٢٠٠٩، ل.١٣٣)، ئەم دوو دەقە لە دەستپێکدا تا ڕادەیەک لە یەکتری جیاوازن، چیرۆکی (شەوی هەزارو یەک) بەو چەند ڕستەیە دەستپێدەکات کە دەڵێ:" شەهرەزاد لەم ماوەیەدا سێ کوڕی لە شا شەهریار بوو، کە چیرۆکی هەزارو یەک کۆتایهات بەرپێی شای ماچکرد"( حلبي، ٢٠٠٥، ب.٢، ل.١٢١٣)، بەلآم چیرۆکی (شەوی هەزار و دووەم) بەو چەند ڕستەیە دەست پێدەکات کە دەڵێت:" مرۆ بۆ خوا بڵێ... شاهیدی لە ئیمانە، حاجی شێخ مەلا عبد القدوسی قازی شاری جابولقا، کە دوا چەکەرەی بنەماڵەی شێخ قوتبە الدینی... لەگەڵ خۆیدا دەیگوت: بۆ کێ خۆم بگوَرم؟ هەتا کەی ڕاستی لەم خەڵکە بشارمەوە، سەبارەت بە چ خۆم شەرمەزاری دونیا و قیامەت بکەم؟"(مەم، ١٩٨٤، ل. ٢٤٦)، دوای ئەم چەند ڕستەیە" ئینجا چیرۆکەکە لەوەوە دەست پێدەکات کە

جـەنابی شـێخ دوای ئـەوەی لـە نیـوە شـەوێکدا سـوننەت و تـەراویح تـەواو دەکـات، لەسـەر بەرماڵەکـەی هەڵدەسـتآ و لـە دەلاقـەی دیوارەکـەدا کتێبـە کۆنەکەی سەراو گێڕ دەکا تا پێچراوێکی زەرد لە ناو کتێبەکاندا دەردێنێ و تۆزو خۆڵی دادەماڵێ و بە دەنگ دەیخوێنێتـەوە ئینجا چیرۆکی ناو چیرۆکی واتە چیرۆکی شەوی هەزارو دووەم... هتد"(شەریف،٢٠٠٩، ل.١٥٣)، واتـە لـە دەستپێکدا دوو چیرۆکەکە جیاواز دەبن و هاوشێوە نین، ئەوەش لێهاتوویی چیرۆکنووسە کوردەکە دەردەخات کە نوێکاری ئەنجامداوە.

٤. **گێـرانـەوە**: یـەکێکی تـر لـە بنـەماکانی دروسـتبوونی چیـرۆک بریتییـە لـە گێرانەوە،" گێرانەوە Narrative یەکێکە لە بونیادە سـەرەکییەکانی دەق و بە شێوەیەکی ئێستاتیکی سەرجەمی دەقەکە بەرێوە دەبات، لایەنـە هونەرییـەکانی دیکـە پێکـەوە گرێـدەدات، ئەمـە جگـە لـەوەی ڕووداو و هەڵوێسـتەکان لـە وێنەیـەکی واقیعـی بـۆ وێنەیـەکی زمانـەوانی دەگوازێتـەوە، کـە بـە جۆرێـک بەرامبـەر (گـوێگر یـان خوێنـەر) وا هەسـتبکات ئـەم ڕووداو و هەڵوێسـتانە دەبینێت و لەبەرچاوی دایە، وەزیفەی گێرانەوەش هەر تەنها ئەوە نییـە، بـەڵکو دەکرێت گێرانـەوە خـاوەن سیحرێک بێت بۆ پەلکێشکردنی خوێنـەر بە دوای ئـەو بابەتـەی دەیخاتـە ڕوو"(حوسـێن، ٢٠٠٧، ل.٢١٦)، لـە چیرۆکـی (شـەوی هـەزارو یـەک) دا گێرانـەوە لەسـەر زاری چیرۆکخوانێک دەردەکـەوێت کـەوا سەراپای چیرۆکەکان دەگێڕێتەوە، بەڵآم لە چیرۆکی (شـەوی هـەزارو دووەم) دا لێهاتوویـیـەکی تــری چیرۆکنــووس بەدیــدەکرێت، ئــەویش بریتییــە" لــە بـەکارهێنانی شـێوازی چیـرۆک لـە نـاو چیرۆکـدا، چیرۆکنـووس پاڵـەوانێکی ئەفسانەیی لە شارێکی ئەفسانەییدا دروستدەکات کە ئەمیش حاجی شێخ مـەلا عەبدلقـدوەس قـازی شـاران جابولقایـە ..."(شـەریف، ٢٠٠٩، ل. ١٥٣)، ئـەم کەسـە وەک چیرۆکگێـڕەوە دەردەکـەوێت، و ئـەو سـەراپای ڕووداوەکـانی چیرۆکەکە دەگێڕدرێتەوە.

٥. **کەسێتی**: بۆ ئەوەی چیرۆک بنیات بنرێت، پێویستە کەسانێک هـەبن کـەوا داینـەمۆی ئەنجامـدانی ڕووداو و بەسـەرهاتەکان بـن،" کەسـێتی لـە چیرۆکـدا بەگشـتی هەڵسـوڕێنـەرو جوڵێنـەری ڕووداوەکانـە"(سـەعید، ٢٠١٣، ل. ١١٨)، دەتـوانین کەسـایەتی وا پێناسـە بکـەین، کـە " نوانـدنی کەسـانێکە لـە نـەوەی ئادەمیزاد ـ کـە هەمیشـە بایـەخێکی گـەورەیان لـە چیرۆکدا هەیـە و بـە زۆری گرنگترین رەگەز لە رەگەزەکانی چیرۆک دادەنرێن هەتا ئەگەر گیانداریش بن،

ئەم گیاندارانە هەمیشە وێنەی خەڵکان دەنوێنن یان دەکێشن، یا لە باتی سیما مرۆڤایەتییەکان بەکاردێن"( حوسێن، ٢٠٠٧، ل. ٢٠٥)، کەسانی ناو چیرۆکیش لە ڕووی تۆپۆگرافیای ڕووداو و ئەرکەوە جیاوازن لە یەکتر، کەسی سەرەکی ناو چیرۆک بە شاکەس دەناسرێت،" هەر ڕووداوێک خودی شاکەس یان کەسێتییەک تێیدا بەشدارە، لە شوێنێک و کاتێکی دیاریکراو ڕوودەدات. ... ڕووداوەکانیش سەرەتاو ناوەندو کۆتاییان هەیە، لە سەرەتادا ڕووداوەکان ڕوودەدەن و پیشاندەدرێن، لە ناوەندا ڕووداوەکان گرژ دەبنەوە دەگەنە لووتکە، لە کۆتایشدا خاو دەبنەوەو دەرئەنجامەکانییان ئاشکرا دەبێت"(قادر، ٢٠٠٩، ل. ٤٤)، پاڵەوانی سەرەکی یان" شاکەس وەک گرنگترین و کاراترین ڕەگەز زۆرترین کارو ئەرک لەخۆ دەگرێت، زۆربەی کەسێتییەکانیش بۆ خزمەتی کار دەکەن، شاکەس و کەسێتییەکان بکەرەی ڕووداوەکانن، هەریەکەیان چەند ڕووداوێک لە تەوەرەیاندا دەخولێتەوە"(قادر، ٢٠٠٩، ل. ٣٧)، پاڵەوانی سەرەکی لە هەزارو یەک شەوەدا بریتین لە (شا شەهریار) و (شاژن شەهرزاد)، بە هەمان شێوە لە (شەوی هەزارو دووەم) یشدا "شەهرەزادو شەهریار دوو پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەن و (مەم) بۆ مەبەستی خۆی و گێڕانەوەی زنجیرە خەونەکانی ئەم فانتازیایە دروستدەکات"(شەریف، ٢٠٠٩، ل. ١٥٢،١٥٣)، بەلآم سەرەڕای ئەو دوو کەسایەتییە کەسێتی تریش لە چیرۆکەکەدا دەردەکەون،" قارەمانی چیرۆکی شەوی هەزارو دووەم، شەهریار و شەهرەزاد و کۆمەڵانی خەڵکن بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە"(ئەحمەد، ١٩٩٣، ل. ١٧١)، واتە جگە لە (حاجی شیخ مەلا عبد القدووس) کە وەک چیرۆکخوان دەردەکەوێت، و تەنها ڕۆڵی گێڕانەوە دەگێڕێت و لە ڕووداوەکاندا بەشداری ناکات بە شاکەسی چیرۆکەکە دانانرێت و تەنها (شەهرزاد) و (شەهریار) شاکەسی چیرۆکن، و ئەم دووانە لە هەردوو چیرۆکدا هاوبەشن(حلبي، ٢٠٠٥، ب.٢، ل.١٢١٣، مەم، ١٩٨٤، ٢١٣ - ٢٢١)، سەرەڕای ئەوەش" کەسایەتی قارەمانەکانی دیکەش کە بریتی بوون لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵک (ئەگەرچی دەمیان بزەی خۆشی لێدەباری، بەڵام کەس نەیدەزانی دڵ و دەروونییان چی تێدایە!؟) کە ئەم کەسایەتیەش لە کەسایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی دوای ئاش بەتاڵ نزیکەکە بە پێچەوانەی بەر لە ئاش بەتاڵ بوو"(ئەحمەد، ١٩٩٣، ل.١٧٠)، چیرۆکنووس هۆشیارانە کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکەی نەخشاندووە کە

بریتییه له شا شەهریار، گەراندوویەتییەوە سەر بارەکەی جارانی و هەزاران کەسی لە پێناو مەلۆتکەکەی خۆیدا تووشی سزایەکی دژوار کردووە، سەرەرای ئەوەش چەند کەسێتییەکی تر لە چیرۆکەکەدا دەردەکەون، کە بریتین لەو کەسانەی بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەمیشە هەوڵ دەدەن خۆیان ببەنە پێشەوە، هەروەها جەلادانەکانی کۆشکی شاهانەی بە مشک و مار ناونراون، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ چەوسانەوەی دارو دەستەی شا شەهریارو ئەو دەسەلاَتانەی تر کە لە زەمەنی نووسینی چیرۆکدا لە دەسەلاَتدا بوون ( ئەحمەد، ١٩٩٣، ل.١٧٠).

٦. **رووداو**: زۆرینەی چیرۆکەکان لە رووداوێکی سەرەکی و چەند رووداوێکی لاوەکی پێکدێن،" ئاشکرایە چیرۆک هی گەوران یان منداڵآن بێت، لە کۆمەڵێک کارو کردەوەو بەسەرهات و گیروگرفت پێکدێت، کە بەسەر پاڵەوانەکانی چیرۆکەکەدا دێن و تێدەپەرن، لە ئەنجامدا رووداوی چیرۆکەکە پێکدەهێنن، چیرۆکیش بە بآ ئەم رووداوانە هەڵناکەون و ناچێت بەرێوە، چونکە رووداوەکان بە بناغەی بنیاتنانی چیرۆک دادەنرێن"(حوسێن، ٢٠٠٧، ل. ١٩٥)، بە شێوەیەکی گشتی" رووداو کۆمەڵە کارێکە کاراکتەر ئەنجامییان دەدات، بە هاوکاری کەسانێک و رکابەری کەسانێکی دیکە، لە بارودۆخێکی ئاسایی و نائاساییدا روودەدات، نووسەر ئەو قەوماو و رووداوانە رێکدەخات بەشێوەیەکی گونجاو و هاوئاهەنگ و بە دوای یەکدا هاتوو بە پێی بنەمای هۆو هۆکار رێکییان دەخات، کە نزیک بن لە واقیع و خەیاڵیشیان ئاوێتە بێت و گومان لای خوێنەر دروستبکەن سەرنجکێشی خوێنەر بکەن. هەموو ژانرەکانی گێرانەوە لە رووداو بەدەرنین و هەریەکە بە پێی هەڵکەوت و پانتایی و رووبەری گێرانەوەو پشووی گێرانەوە تیایدا رووداو گەلێک لەخۆ دەگرن و نووسەر بە پێی هەڵکەوت و پانتایی و رووبەری گێرانەوە تیایدا رووداو گەلێک لەخۆدەگرن و نووسەر بە پێی ململانی و هەڵسوکەوتی کەسانی بەشدار جڵەو بۆ کورتی و درێژییان شل دەکات و ئاڵۆزی و سادەیی رووداوەکانیش لە گێرانەوەدا گۆرانییان بەسەردا دێت و جیاوازیش دەبن لە رێچکە گرتنی (سەرەتا، ناوەند، کۆتایی )دا"(سەعید، ٢٠١٣، ل.٩١)، بە دەربرینێکی تر دەتوانین بڵێین" نووسەر چەند لێزانانە وێنەی قارەمان بکێشێت، چەند هونەرمەندانە رووداو بچێنێت و پەیوەندییەکی هارمۆنی لە نێوان قارەمان و رووداوەکان بەرجەستە بکات، هێندەش زیاتر دەتوانێت

سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، چونكە قارەمان و ڕووداو، وەک دوو ڕەگەزی گرنگ و بنچینەیی، ڕۆلێكی كاریگەر لە بەرهەمهێنانی هەموو چیرۆكێكدا دەبینن"(حوسێن، ٢٠٠٧، ل. ٢٠٥).

ڕووداوەكانی (شەوی هەزار و یەک) بەوە دەست پێدەكات كە شەهرزاد داوا لە شا شەهریار دەكات كە بە هۆی منداڵەكانی بیبەخشێت، واتە شاو شاژن زیاتر لە منداڵێكییان هەیە، هەروەكو باس دەكا و دەڵێت :" گەورەكەیان بە سەر پێ كەوتبوو، ناوەنجی گاگۆڵەی دەكرد، بچووكەكەیان شیرە خۆرە بوو"( حلبي، ٢٠٠٥، ب.٢، ل. ١٢١٣)، واتە شا شەهریار چاوەڕێی تەواو بوونی قسەكانی شاژن و هێنانی منداڵەكان دەكات و دواتر" شا گریاو منداڵەكانی لە باوەش گرت و گوتی: شەهرزاد وەڵا پێش هاتنی ئەو منداڵانە من بڕیارمدا بوو بتبەخشم"( ألف لیلە و لیلە، ب. ٢، ل. ١٢١٣). كەواتە بەهۆی بوونی ئەم منداڵانەوە شا شەهریار شاژن دەیبەخشێت و ژیانێكی تازە دەست پێدەكەن، دوای ئەوە ئاهەنگ و خۆشی دەستپێدەكات، و ژیانێكی تازە بۆ شاو شاژن و سەرجەم دانیشتوانی شانشینەكە دێتە پێشەوە، ئەم ڕووداوە ڕووداوی سەرەكی چیرۆكەیە و ڕووداوی لاوەكی بەرچاو ناكەوێت (حلبي، ٢٠٠٥، ب.٢، ل. ١٢١٣، مەم، ١٩٨٤، ل. ٢١٣ - ٢٢١)، بەڵام لە چیرۆكی (شەوی هەزارو دووەم) دا، ڕووداو" بەسەرهاتێكی كۆن، بە شێوەیەكی نوێ دەگێڕێتەوە كە مەبەستی ئەم سەردەمەیە. چیرۆكنووس بەم وتانەی ئەم ڕژێمە تاوانبار دەكا كە لەو سەردەمەی چیرۆكی هەزارو یەک شەوی تێدا بلاوبۆتەوە واتە لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسییەوە تا ئێستا كورد لە لایەن باب و باپیرانی ئەم ڕژێمەی ئێستاوە دەچەوسێنرێتەوە بە بێئەوەی كەس باسیشی بكات كە ئەمەش ئاماژەیە بۆ لێدانی بەرمەكییەكان. هەمیشە، ئەمانە، نەتەوە ژێر دەستەكانییان كردۆتە قوربانی لە پێناو نەوەكانی خۆیاندا. تەنانەت حاجی شێخ مەلا عەبدولقەدووسی قازی شاری جابولقای (چیرۆک گێڕەرەوە)ش دان بەو ڕاستییەدا دەنێت و دەڵێت یەكێكە لەو نهێنیانەی كە تا ئێستا ئاشكرا نەكراوە" (ئەحمەد، ١٩٩٣، ل. ١٧٠)، هەروەكو دەبینین ڕووداوەكانی (شەوی هەزارو دووەم) بەوە دەست پێدەكات كە مەلا عبدالقدوس كتێبێک دەردەهێنێت و چیرۆكی هەزارو دووەم شەو دەگێڕێتەوە، و ڕووداوی سەرەكی لەم چیرۆكەشدا بریتییە لە چاوەڕێكردنی شاو شاژن و دارو دەستەی كۆشک بۆ هاتنە دنیای شازادە. واتە لە چیرۆكی (شەوی

هەزار و دووەم) دا شەهرزادو شەهریار چاوەڕێی یەکەم منداڵییان دەکەن و هیچ منداڵێکییان نییە:" ئەو شەوە شەوی پێ نانە ناو دونیای بەری شیرینی ئەوین و دڵسۆزی و یەکبوونی لەگەڵ شەهریاردا ... بەری هەزارو یەک شەوەی پڕ کامەرانی و دڵنیایی..."(مەم، ١٩٨٤، ل. ٢٤٦)، شا شەهریار چاوەڕێی هاتنە دونیای شازادەی دەکرد، و" ناو... ناوەش دەستەکەی دەگوازتەوە سەر ڕوومەتە سوورو نەرمەکانی... دەستەکەی سەر ڕوومەتی شەهرزادی دەکێشایەوەو هەڵسایە سەر پێیان ژوورەکەی بەجێهێشت"(مەم، ١٩٨٤، ل. ٢٤٦)، سەرەڕای ئەم ڕووداوە هەندێک ڕووداوی لاوەکیش لە دەوری ڕووداوە سەرەکییەدا دەخولێتەوە، هەروەکو دەڵێت :" گەلێک ڕیشسپی بێهێز دەکەوتنە بەر پێیان... بازرگانان و ئەوانی دیکە... بۆی دەکشانە دواوە ..."(مەم، ١٩٨٤، ل. ٢٤٦).

٧. **کات**: بۆ ئەوەی کەسێتییەکانی ناو چیرۆک ڕووداوەکان بجوولێن پێویستییان بە هەردوو ڕەگەزی کات و شوێن هەیە، گرنگی کات لە چیرۆکدا لەوەدا دەردەکەوێت، کەوا" کات ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ بەش بەشکردنی قۆناغی ژیانی شاکەس و کەسێتییەکان، پەیوەستە بە یادو یادەوەری و ململانێیەکانەوە، هەروەها کات دەچێتە پێکهاتەی ڕووداوەکان، چونکە هەر ڕووداوێک پەیوەندی بە کاتێکی دیاریکراوە هەیە، بۆیە بەهۆی کاتەوە هەموو قۆناغ و ڕووداوەکانی ژیان دەتوانین لە یەکتر جیا بکەینەوە و بۆ سەردەمی خۆیان بیانگەڕێنینەوە، چونکە گەر کات نەبێت مەحاڵە بتوانین قۆناغ و ڕووداوەکان بە وردی بناسینەوە"(قادر، ٢٠٠٩، ل. ٥٩)، جگە لەمەش" کات ڕێکخەری کارو کردەوەکانی پاڵەوان و ڕووداوەکان بە شێوەی ڕێکوپێک تۆمار دەکات"(سلام، ١٩٧٠، ل. ١٣). لە چیرۆکی کورتدا کات بە شێوەی هێڵێکی ستوونی بەسەر بەشەکانی چیرۆکدا تێپەڕ دەبێ. نووسەر بەمە پەیوەست نییە کە وا بڵێت ڕووداوەکە لە بەیانی یان لە دوای نیوەڕۆ یان کاتژمێر (٦:٣٠) ڕوویدا. بەڵکو کارەکە لەناو ڕووداوەکە ڕاستەوخۆ کاتەکە دەستنیشان دەکات، بۆ نموونە دەڵێ (منداڵەکە لەگەڵ باوکیدا دەژیا، دواتر مامی گرتیە خۆی"( سەعید، ٢٠١٣، ل. ١٩٩- ٢٠٠)، لەم دوو چیرۆکەشدا کەوا کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەمان پێکدەهێنن، کات تەنها لەیەک شێوەدا دەردەکەوێت، لە (شەوی هەزارو یەک) دا کات دیارینەکراوە، بەڵام دەردەکەوێت کە سەرجەم ڕووداوەکان لە یەک کاتدا ڕوویانداوە، ئەو کاتەش

بریتییه له كاتی گفتوگۆكردنی نێوان شا شـەهریارو شـاژن شـەهرەزاد، كەوا شـاژن داوای بەخشـین لـه شـا دەكـات، و شـا داواكـەی بەجێدەگەیـەنێت، لـه هـەمان كاتیشـدا ئاهـەنگ و خۆشـی كەوتـه نـاو دانیشـتوانی شانشـینەكە، لـه چیرۆكـی (شـەوی هـەزارو دووەم) دا كـاتی ڕوودانـی بەسـەرهاتەكان دیـاریكراوە، هـەروەكو دەڵێـت :" لـه نیـوه شـەوێك، پـاش ئـەوەی سـوننەت و تـەڕاویحەكـەی بەجێگەیاندن، لەسـەر بـەرماڵ هەڵسـتا،"(مەم، ١٩٨٤، ل. ٢٤٦)، واتـه چیرۆكەكـه لـەو نیـوه شـەوەدا دەسـتی پێكـردو هـەر لەویشـدا كۆتـایی هـاتووه، هەرچەنـده چیرۆكگێـڕەوه (حـاجی مـەلا عەبدالقـدووس) لـه گێڕانەوەكەیدا بـاس لـەو ئامادەكارییانـه دەكـات كـه بـۆ لـەدایكبوونی شـازاده گیراوەتـه بـەر، و" چیرۆكنـووس وردبینانـه دیمـەنی ڕۆژی لـه دایكبـوونی شـازادەی نـوێی شـەهرەزادو شـەهریارمان بـۆ دەخاتـه ڕوو، كـه لـه كۆشـكه گەورەكەدا جموجۆڵێكی سـەیر لـه ئارادایـه هـەر تاقمـەو چینـەو دەستەیەك بـه شـێوەیەك خـۆی بـۆ پێشـوازییەكه ئامـاده كـردووه، لـه ڕیـزی پێشـەوە: زانـاو داناو حەكیم و پزیشك و فەیلەسوف و نووسەرو ڕۆژنامـەچی و پیاوماقوڵان و خەلیفـەو دەروێشـەكان بەدیدەكرێن"(ئەحمـەد، ١٩٩٣، ل. ١٦٩)، بـەڵام لـەم دیمەنـەدا جگـه لـەئاماژەیـەك بـەڕۆژی لـەدایكبوونی شـازاده، هـیچ كـاتێكی تـر دیاری نەكراوه.

٨. **شوێن**: بۆ ئەوەی ڕووداوەكانی چیرۆك بەدوای یەكدا دەركەون، پێویسته شـوێنێك هـەبێت كـه ڕووداو تێیـدا بەرجەسـته بێـت، بۆیـه دەگوترێـت" شـوێن نرخێكی جوانكاری و هزری بـه چیرۆك دەبەخشـێت"(ڕەشـید، ٢٠٠٥، ل. ٢٣)، بـه شـێوەیەكی گشـتی" شـوێن، ئـەو ڕووبـەره یـان ئـەو پانتاییەیـه كـه دەبێتـه گـۆڕەپـانی ڕووداوەكـان و دروسـتبونی لـه كـاتێكی دیـاریكراودا، شـوێن پەیوەندییەكی بـەتینی لەگـەڵ چیرۆكدا هەیـه، یەكێكـه لـه ڕەگـەزەكانی چیرۆك، هـەروەكو كـات و ڕووداو، كەسـێتی، شـوێن ئـەو چوارچێوەیـه بنكـەی مـاددی یەكەمه كه دەقی لەسـەر ڕادەوەستێت و دەگاته ئاستی پێویست بـه ڕووداو، و كەسێتی و كاتیشەوه. شوێن هەروەكو ڕەگەزەكانی تری چیرۆك لێكۆڵـەرەوان و ڕەخنەگران له نوسین و لێكۆڵینەوەكانیاندا گرینگیـان پێداوه"(سـەعید، ١٩٩٣، ل. ١٧٣ - ١٧٤)، شـوێن لـه چیرۆكـدا چەنـد جـۆرێكی جیاوازی هەیـه كـەوا بـه پێویستی نازانین لێرەدا ئامـاژەی پێبكـەین، تـەنها ئەوەنده دەڵێین" لـه هەندێك بەرهەمه كۆنەكاندا، شوێن بریتی بوو له دەشت و دەریاو كێوو ژینگـەی لادێ

و گوندەكان... هتد، لە كاتێكدا شوێن لەبەرهەمە نوێكان بریتی دەبێت لەشەقام و شۆستەو باخچەو فەرمانگەو ژینگەی جەنجاڵ و قەرەباڵغی شار... هتد، لەگەڵ ئەو شوێنە ئەفسانەیی و خەیاڵییانەی كە نووسەر دەریاندەخات، شوێنەكانیش چ واقیعی بن وەك بەرهەمە كۆنەكان، چ خەیاڵی بن وەك بەرهەمە نوێكان هێندە گرنگ نییە بە قەد ئەوەی نووسەر سەركەوتووانە بەرجەستەیان بكات و بە شێوەیەكی جوانی هونەری بیانمەزرێنێت، لە خەیاڵ و بیرو هۆشی خوێنەر بیانچەسپێنێت. گرنگی و بایەخی شوێنیش بەپێی ڕێبازە ئەدەبییەكان دەگۆڕێت و هەریەكەیان بە بیروباوەڕو بۆچوونێك جەختی لەسەر دەكاتەوەو چەشنێك لە چەشنەكانی شوێن پەسەند دەكات"( قادر، ٢٠٠٩، ل.٥٥)، لە بەراوردكردنی ئەم دوو چیرۆكەدا شوێنی جیاواز بۆ ڕووداوی هەریەك لە چیرۆكەكان بەدیدەكرێت، لە چیرۆكی (شەوی هەزارو یەك) دا شوێن بریتییە لە كۆشكی شاهانەو ڕووداوەكانی چیرۆك كە لە گفتوگۆیەكی نێوان شا شەهریارو شاژن شەهرەزاد دا خۆی دەبینێتەوە، هەموویان هەر لەو شوێنەدا ڕوودەدەن. لە چیرۆكی (شەوی هەزارو دووەم) دا شوێن هەر بریتییە لەو ژوورەی كەوا شاكەسی چیرۆكەكە (حاجی شێخ عبدالقدووس) تێیدا نیشتەجێییە، هەروەكو دەڵێت:"ڕای كردە لای دیوارەكە، دەستی بۆ دەلاقەكە درێژ كرد"(مەم، ١٩٨٤، ل. ٢٤٦)، هەرچەندە لە گێڕانەوەدا ئاماژە بە كۆشكی شا شەهریار دەكات، بەڵام هەر ئاماژە كردنێكی بچووكەو ڕووداوەكان لەو شوێنەدا دەرناكەون و جگە لەو ژوورەی باسكرا هیچ شوێنێكی تر بۆ ڕووداوەكانی چیرۆكەكە دەرناكەوێت.

٩. **دیالۆگ**: دیالۆگ یان گفتوگۆ بریتییە لە بنەڕەتێكی تر لەو بنەڕەتانەی چیرۆكی لەسەر بنیات دەنرێت، كەوا " ئاخاوتنێكە لە نێوان دوو كەسدا یان پتر بە مەبەستی ئاڵوگۆری بیرو بۆچوونەكان و لە یەكدی گەیشتن و زووتر بە دەستەوەدانی مەبەست ئەنجامدەدرێت، بنەمایەكە لە بنەما هونەرییەكان لە هونەری چیرۆك نووسین بە زۆری لە كورتە چیرۆكدا بەكار دێت..."(سەعید، ٢٠١٣، ل. ٢٠٦)، گرنگی دیالۆگ لەوەدایە كە" بریتییە لەو قسەو وتووێژە جۆراوجۆرانەی كە كارەكتەرەكان لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی دەكەن، بە هۆكارێكی گرنگ دەژمێردرێت بۆ سەركەوتنی چیرۆك، چونكە بنەمایەكی سەرەكییە لە بنەماكانی بینای هونەری چیرۆك، هەستێكی زیندوو دەداتە

چیرۆكەكە، ئەویش بەهۆی ئەوەی یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ هەستكردنی بە خۆشـی و لـە بـەدواداچوون و بێـزاری دووری دەخاتـەوە. هـەروەها یارمەتیدەرێكـە بـۆ بـەدیهێنانی سـۆزداری لـە نێـوان چیرۆكخـوان و گـوێگرو خوێنـەردا "(حوسـێن، ٢٠٠٧، ٢١٩). لـە چیرۆكـی (شـەوی هـەزاو یـەك) دا دیالۆگ لە نێوان شـاو شـاژندا دەردەكـەوێت، دوای ئـەوەی شـاژن" منداڵـەكانی لەبـەر دەم شـا دانـا و گـوتی: داواكـارم بمبەخشـی لـە كوشـتن بـەهۆی ئـەم مندالانە، گەر بمكوژیت ئـەم مندالانـەت لـەنازی دایكیـان بێبـەش دەكـەی، لـەناو هـەموو ژنـانی جیهانـدا هـیچ ژنێـك وەك دایكـی خۆیـان نازیـان ناكێشـێ. شـا گریاو منداڵـەكانی لـەباوەش گـرت و گـوتی: شـەهرەزاد وەڵڵا پێش بـانگكردنی ئـەم مندالانـە ئـەم بـریارەمـدابوو..."(حلبي، ٢٠٠٥،ب.٢، ل.١٢١٣)، واتـە دوو كەسێتی دەردەكـەون و دیـالۆگ لـە نێوانییانـدا ڕوودەدات. بە پێچەوانـەوە لـە (شەوی هەزارو دووەم) ی ـ مەم ـ دا، تەنها حاجی شێخ مەلا عبد القدووسی قـازی شـاری جابولقـا دەردەكـەوێت و هـیچ كەسـێتییەكی تـر لـە بەرامبەریـدا دەرناكـەوێت تـا دیـالۆگی لەگەڵـدا ئەنجامبـدات، و لـەم چیرۆكـەدا دیـالۆگ نابینرێت.

١٠. **مۆنۆلـۆگ**: مۆنۆلـۆگ یـان خۆدوانـدن وەك پێكهاتـەكانی تـری چیـرۆك، هەندێكجار لە چیرۆكدا دەردەكەوێت" مۆنۆلۆگ، یەكێكە لەو تەكنیكە گرنگانـەی كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەدڵ و دەروون و ناخی كەسێتییەكانەوە هەیـە، لـە ڕێی مۆنۆلۆگەوە دەتوانین بەرەو قولآیی ناخی كەسێتییەكان هەنگاو بنێین، لـە ڕازو نهێنـی و بیـرو بۆچوونـە وردو گرنگـەكانیان شـارەزا بـین. زۆرتـرین و چڕترین مۆنۆلۆگ لەو چیرۆك و ڕۆمانانەدا ڕەنگدەداتەوە، كە نـاوەڕۆكەكـەیان پەیوەندی بە بابـەتی دەروونـی و خودییـەوە هەیـە. ئاشـكرایە مۆنۆلۆگـەكانیش دەكرێن بە دوو بەشەوە ئەوانیش مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆو نا ڕاسـتەوخۆن، كـە هەریەكـەیان خـاوەن تایبەتمەنـدی خۆیـەتی، لـە حاڵـەت و بارودۆخێـك بـەكاردێن"(قادر، ٢٠٠٩، ل. ٨٢)، ئـەم دوو چیرۆكـە لـە دەركـەوتن و دەرنەكەوتنی ئـەم هونەرەشـدا جیـا دەكرێنـەوە، لـە (شـەوی هـەزارو یـەك) دا كەسێتییە سـەرەكییەكان بـریتین لـە شـا شـەهریارو شـاژن شـەهرەزاد، لای هیچییان هەست بە بوونی مۆنۆلۆگ ناكرێت، بەڵام بە پێچەوانـەوە لـە (شـەوی هـەزارو دووەم) دا، شاكەسـی سـەرەكی كـە بریتییـە لـە حـاجی شـێخ مـەلا عەبدالقـدووس لەگـەڵ خۆیـدا دەدوێـت و جۆرێـك لـە مۆنۆلـۆگ بـەرپادەكات،

هـەروەکو ئـەوەی" زۆرجـار لەگـەڵ خۆیـدا دەیگـوت: بـۆ کـێ؟ خـۆم بگـۆڕم؟ هەتاکەی ڕاستی لـەم خەڵکە بشارمەوە؟ سـەبارەت بـەچی خـۆم شـەرمەزاری دونیاو قیامەت بکەم" (مەم، ١٩٨٤، ل. ٢٤٦)، ئەمەش مۆنۆلۆگەو لە چیرۆکی ( شەوی هەزارو یەک) دا مۆنۆلۆگ بەرچاو ناکەوێت.

١١. **كۆتایی**: ئەویش بریتییە لەو پەیامەی لە ئەنجامی دەقەکەدا بەدیدەکرێت." گرنگی کۆتایی لـە چیرۆکدا، لـە ڕەگـەزەکانی تری نـاو چیرۆکەکە کـەمتر نییـە، چونکـە لەگـەڵ ئـەوەی کۆتـایی خـاڵی تەقینـەوەو چارەسـەرکردنی کێشـەو ململانێیەکانـەو خوێنـەر بەهۆیـەوە دەگاتـە ئـەنجامێک، جگـە لەمـە کۆتـایی ئـەو بەشـەیە کە ئامـانج و مەبەسـتی گشـتی چیرۆکەکـە تیایدا دەخرێتـە ڕوو، بۆیـە زۆر لە لێکۆڵەرانی چیرۆک ئەم بەشـە بـە سـاتی ڕوونـاک کردنـەوە نـاو دەبـەن واتە هەموو ئـەو کێشـە و گیروگرفتانـەی کە لـە چیرۆکدا ڕوو دەدەن، بـەرەو خاڵی ڕووناک کردنەوە دەڕۆن، کە کۆتایی چیرۆکەکەیەو تیاشیدا مانای گشت شتەکانی پێشوو ڕوون دەکاتـەوە و دەردەخات"(حوسێن، ٢٠٠٧، ٢٠٢، ٢٠٣)، هەربەمهۆیەشـــەوە دەگوترێـــت" ئـــەو ئەرکـــەی کۆتـــایی دەق دەیبینێـــت، زۆر قورسـترە لـە دەسـتپێک و گـەرموگوڕی ڕووداوەکـانی ناوەنـدی دەق، چونکـە کۆتایی دەق دەبێتە ئامانجێک، کـە هـەموو نیشـانەی بەشـەکانی تـری ئـاراستە دەکرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی لە کۆتاییدا، هـەموو بابـەت و لایەنـەکانی دەق یـــەکلایی کراونەتـــەوەو ڕووداوە لاوەکـــی و ســـەرەکییەکان بـــە ئـــەنجام گەیشتوون. پێویستە کۆتاییش بەشتێک بێت تا ڕادەیـەکی زۆر لـە سـنووری لـۆژیکی خوێنـەردا نزیـک بێـت، خوێنـەر توانـای مێشـکی بـە ئەنجامەکـەدا زاڵبێت"(قادر، ٢٠٠٩، ل. ١٣٥).

لـە کۆتـایی چیرۆکـی (شـەوی هـەزارو یـەک) دا شـا شـەهریار ڕوو لـە یەکسانی و دادپەروەری دەکات و شانشینەکەی لـە خۆشـی و شـادیدا دەژیـن تا بەرەو ماڵئاوایی یـەکجارەکی دەچـن، هـەموو خـەڵکی شانشـین بـە خـەلات و دیارییەکانی (شا شەهریار) بەسەر کرانەوە، و شانشینەکە لەوپەڕی شـادی و کامـەرانیـدا ژیـان (حلبي، ٢٠٠٥، ب.٢، ل. ١٢١٣)، بـەلام لـە کۆتـایی چیرۆکـی (شـــەوی هـــەزارو دووەم) دا، هەرچەنـدە لـە سـەرەتادا دەردەکـەوێت کـەوا خـەڵکی شـار" ئاهـەنگییان سـازدەدا و بـەزمییان دەگێڕاو شـا شـەهریاریش... بەناو ڕێزەکاندا دەهات و دەچوو... بە ڕوویاندا دەگەشایەوە"(مەم، ١٩٨٤، ل. ٢١٣ - ٢٢١)، بـەلام دوای ڕەفتـاری خەڵکەکـە، شـا شـەهریار تـوڕە دەبێـت و

ڕوو لە زوڵم و زۆرداری دەکاتەوە، هەروەکو دەڵێت: " خوێن بەری چاوی گرت ... لە ڕکاندا فەرمانیدا... دەرگای زیندانی پڕ مشک و ماری ژێر زەوی کۆشکی خستە سەرپشت"(مەم، ١٩٨٤، ل. ٢٤٦). لە کۆتایی چیرۆکی (شەوی هەزارو یەک) دا دەگوترێت:" شانشینەکە لەوپەڕی شادی و کامەرانیدا ژیان، تا ئەوڕۆژەی کە بای ئەجەل هات و هەریەکەیانی بۆ دوا ئارامگەیان دوا ماڵئاواییان کرد"(حلبي، ٢٠٠٥، ب.٢، ل.١٢١٣)، بەلآم کۆتایی چیرۆکی (شەوی هەزار و دووەم) بریتییە لەم چەند ڕستەیە:" کەڵەشێری بەیان بانگی دەدا، ڕووی دە قیبلە کرد، فەرزی بەیانی بەجێهێنا، لە سەر بەرماڵەکەی گرموڵەی کرد، ... تا خەوێکی قوڵ بردیەوە"(مەم، ١٩٨٤، ل. ٢١٣- ٢٢١)، واتە دوا ڕستەی کۆتایی هەردوو چیرۆکەکە دەبێتە خاڵێکی جیاواز لە نێوان هەردوو چیرۆکدا.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم باسەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین، کە لە خوارەوە بەچەند خاڵێک ڕوونیان دەکەینەوە :

١. محەمەد مەولود ـ مەم ـ بۆ نووسینی دەقی (شەوی هەزار و دووەم) سوودی لە بیرۆکەی دەقی (هەزارو یەک شەوە) وەرگرتووە، چونکە چ لە ڕووی خەیاڵ، چ لە ڕووی کارەکتەرو سیستمی گێڕانەوەو چوونە ناو باسەکانەوە، خوێنەر بە ئاسانی هەست بە لێکچوونی نێوان ئەو دوو دەقە دەکات، هەرچەندە چیرۆکنووس کاریگەرییەکەی بە شێوەیەکی پێچەوانە (کاریگەری پێچەوانە ) بە سەرەوە دەرکەوتووەو توانیویەتی لە ڕووی دارشتن و کەشی سەردەمەوە دەقەکەی خۆی بە دەقێکی باش دەربخات.

٢. هەروەک چۆن لێکچوونی نێوان ئەو دوو دەقە، دەقەکان پەیوەست و نزیک دەکەن بە یەکترییەوە، بەوجۆرەش هەردوو دەقەکە کۆمەڵێک جیاوازی بنچینەییش لە نێوانیاندا هەیە، بەو هۆیەشەوە دەقی دووەم نەبۆتە چاولێکەرییەکی کوێرانەی دەقەکەی تر.

٣. لەڕووی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی هونەری چیرۆکی نوێ، مەم توانیویەتی لە دەقەکەی خۆیدا شێوازو تەکنیکە تازەکان بەکارببات بۆ ئەوەی جیای بکاتەوە لە گێڕانەوەیەکی تاک چیرۆکخوانی (هەزارو یەک شەوە)، هەروەها لە ڕووی گرێی چیرۆکەوە ویستویەتی چیرۆک لەنێو چیرۆکدا

دروست بکات، و دەقەکە داپۆشێت بە هەندێک کەرەسەی وەسفی و خەیاڵی، سەربارى وننەبوونی واتای تازە، کە مەم هەوڵیداوە لە دوورەوەو لەچوارچێوەیەکی ئەفسانەیی مەبەست و ئامانجی بیرۆکەکەی بە خوێنەری سەردەمی خۆی بگەیەنێت.

## سەرچاوەکان

### ١. بە زمانی کوردیی: کتێب:

٢. حوسێن هیمداد (پ.ی.د.)، ٢٠٠٧، دەروازەیەک بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک. چ. ١.

٣. رەسول عزەدین مستەفا (د.)، ١٩٧٩، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، لە زانکۆی سلێمانی چاپ کراوە، چ. ٢.

٤. رەشید سابیر، ٢٠٠٥، چیرۆکی کوردی - رەخنەو لێکۆڵینەوە، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

٥. سەعید ئازاد محەمەد، ٢٠١٣، کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٠- ١٩٧٩)، لێکۆڵینەوە، یەکێتی نووسەرانی کورد ، مەڵبەندی گشتی، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، چ. ١.

٦. شەریف ئازاد حەمە (د.)، ٢٠٠٩، محەمەد مەولود مەم ی شاکارنووس، کۆکردنەوەو ئامادەکردن، چ. ١.

٧. شوان ئیبراهیم ئەحمەد (د.)، ٢٠١٤، بەراوردی ئەدەبی (تیۆری و پراکتیکی )، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، چ. ١.

٨. قادر کارزان محسن، ٢٠٠٩، سیما تازەکانی رۆمانی کوردی، لە نێوان سالآنی ١٩٩١- ٢٠٠٠، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیجی زمان.

٩. کفافی محمد عبدالسلام (د.) ، ٢٠١١، ئەدەبی بەراوردکاری، و. هەژار رەحیمی، دەزگای موکریانی، هەولێر، چ. ١.

١٠. گەردی عەزیز، ، ١٩٧٨، ئەدەبی بەراوردکاری، بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، چ. ١.

١١. گەرمیانی عادل (د.)، ٢٠٠٦، بەرەو قوتابخانەی بەراوردی کوردی، گۆڤاری ئێستا، ژ. ٥٥، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

١٢. مـەم، محمـد مولـود، ١٩٨٤، چیرۆکـەکانی مـەم، دەزگـای ڕۆشـنبیری و بلآوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر .
١٣. مەولود ڕێزان صالح (د.) ٢٠١٣، پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادە و نەزار قەببانیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، چ. ١.
١٤. هۆراس، ٢٠٠٥ ، هونەری شعر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە حمید عزیز، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، چ.٢.

**نامەی ئەکادیمی:**

١٥. أحمد طالب محمد، ١٩٩٣، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی محەمەد مەلود (مەم)، نامەیەکە وەک بەشێک لە پێویستییەکانی پلەی ماجستیر لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا پێشکەش بە کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە.

**گۆڤار:**

١٦. ئەرمەنی سارا، ٢٠٠٧/١/٥، چیرۆکەکانی هەزارو یەک شەوە، لە فارسییەوە ئەحمەد ڕەحمانی ( کوردستانی ئێران)، گۆڤاری ڕامان، ژ. ١١٦.
١٧. مەم، ٢٠٠٠، مەم بە قەڵەمی مەم، ڕۆڤار ( ڕۆژنامە و گۆڤار)، ژ. ٢.

**٢- بە زمانی عەرەبی:**

١٨. إبن المقفع عبد الله، ٢٠٠٧، كليلة و دمنة، اعتنى به محمد راجي كناس، دار المعرفة للطباعةو النشرو التوزيع، بيروت ـ لبنان، ط. ٣.
١٩. التكريتي جميل نصيف (د.) و سلوم داود (د.)، ١٩٨٩، الأدب المقارن، منشورات جامعه بغداد، ط. ١.
٢٠. تيجم بول فان، ١٩٤٦، الأدب المقارن، ت: د.سامي الدروبي، دار الفكر العربي، بدون مكان الطبع.
٢١. حسين طه، أحلام شهرزاد، دار المعارف، مصر.
٢٢. حلبي، ٢٠٠٥، ألف ليلة و ليلة، قصص و حكايات، محمود طعمة الحلبي، المجلد الأول و الثاني ، دار المعرفة للطباعة والنشر.
٢٣. دانييل - باجو هنري، ١٩٩٧، الأدب العام و المقارن، ت : د. غسان السيد، منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، گ. ١.

٢٤. درويـش أحمـد (د.)، ٢٠٠٢، نظريـة الأدب المقـارن و تجليتهـا فـي الأدب العربى، دار الغريب لطباعةو النشر، قاهرة، ط. ٣.
٢٥. ديما ألكيساندر، ١٩٨٧، مبادىء علم الأدب المقارن، ت :د. محمد يونس و د. عباس خلف، وزارة الثقافة و الإعلام، دار الشؤون الثقافية، بغداد.
٢٦. ريمـاک هنـرى، ١٩٩٩، الأدب المقـارن فـى المفتـرق الگريـق، ت: د.محمـد ابراهيم مدنى، دار أبو هلال لطباعة و النشر، المنيا.
٢٧. شـيفريل ايـف، الادب لمقـارن، ٢٠١٣، ت: محمـد محمـود (د.) ، المؤسسـة الجامعية لدراسات و النشرو التوزيع، بيروت، ط. ١.
٢٨. عبدالعزيز أحمد (د.)، ٢٠٠١، نحو النظرية الجديدة لـلادب المقـارن، مكتبـة انجلو مصرية، قاهرة، ط. ١.
٢٩. عبـود عبـده (د.)، ، ١٩٩٩، الأدب المقـارن مشـكلات و افـاق، إتحـاد الكتـاب العرب، دمشق، ط. ١.
٣٠. علوش سعيد، ١٩٨٧، مدارس الادب المقارن، ناشـر مركـز الثقـافي العربـى، بدون مكان الطبع، ط. ١.
٣١. غويــار مــاريۆس فرانســوا، ١٩٨٨، الأدب المقــارن، ت.: هنــرى زغيــب، منشورات عويدات، بيروت، ط. ٢.
٣٢. غيلان حيدر محمود (د.)، الأدب المقارن و دور الانساق الثقافية في تطور مناهجه و إتجاهاته، مجلة دراسات اليمنيه، عدد ٨٠ ، بدون تاريخ.
٣٣. كريم ظاهر لطيف (د.) ، فؤاد د. نيان نوشيروان (د.)، ٢٠١٠، دراسـات النقديه المقارنة، دار السردم، سليمانية. ط. ١.
٣٤. مبـروک مـراد عبـدالرحمن (د.)، ٢٠٠٦، الأدب المقـارن بـين النظـرى و التطبيق، خوارزم العلميه لنشر و التوزيع، جده - سعوديه، ط. ١.
٣٥. محمـود زغلـول سـلام (د.)، ١٩٧٠، القصـة فـي الأدب السـوداني الحـديث، مطابع سجيل العرب.
٣٦. مكى طاهر احمد (د.)، ١٩٨٧، الأدب المقارن، أصـوله و تطـوره و مناهجـه، دار المعارف، قاهرة، ط. ١.
٣٧. هـلال محمـد غنيمـى (د.)، ١٣٩٠، أدبيـات تطبيقـي، ت:د. مرتظـى ايـت اللـه زادة، مؤسسة إنتشارات أمير كبير، تهران، ط. ٢.
٣٨. هــلال، محمــد غنيمــى (د.)، ١٩٨١، الأدب المقــارن، دار العــودة و وزارة الثقافة، بيروت، ط. ٣.

٣٩. ویلك رینیه ـ وارین اوستن، ١٩٧٢، نظریة الأدب، ت: محی الدین صبحی، مجلس أعلی لرعایه الفنون و الآداب و العلوم.
٤٠. ویلک رینیـه، ١٩٨٧، مفاهیم النقدیـه، ت: محمـد عصـفور، عـالم المعرفـه، الكویت، ط. ١.

## ٣- به زمانی فارسی

٤١. أذر امیر اسماعیل (د.)، ١٣٨٧، ادبیات ایران در ادبیات جهان، انتشارات سخن، تهران،. چ. ١.
٤٢. پور أحمد عزتی (د.)، ١٣٩١، ادبیات تطبیقی در ایران، چاپ زلال کوثر، ناشر مرکز پژوهشهای اسلامی صدا وسیما، قم، چ. ١.
٤٣. کوب عبدالحسین زرین (د.)، ١٣٥٢، نقد الأدبي، جلد أول، إنتشارات أمیر کبیر، تهران.
٤٤. ندا طه (د.)، ١٣٨٤، أدبیات تطبیقی، ت: د.حجت رسولی، چاپ و صحافی و لیتوگرافی اوام، تهران، چ. ١.

## خلاصة البحث

هذا البحث المسمى ( بين ألف ليله و ليله و ألف ليله و ليلتين لـ محمد مولود ـ مم ـ ) دراسة المقارنة النقدية، يتكون من المقدمة و ثلاثة الفصول الرئيسية و عدة المباحث، و في النهاية يوجد نتائج البحث، في هذا البحث نريد أن نحدد نقاط التشابهه و الفرق بين هذين النصين (ألف ليله و ليله) و ( ألف ليله و ليلتين ) للكاتب القصصي الكردى محمد مولود ـ مم ـ و في ذلك نعتمد على المدارس المقارنة الأدبية، على أساس المدرسة الأمريكية نحدد جماليات النص فى النصين، أما فى الجانب الاخر لأن ( ألف ليله و ليله ) من التراث الشعبي العربي، نرجع إلى المدرسة الروسية، و هذا لأنه في المدرستين الأخرتين ( الفرنسية و الأمريكية ) لا توجد مثل هذه الدراسات.



## Abstract

This paper, entitled (Between one thousand and one night ) of one thousand and two night By Muhammad Mawlud Mam, is a critical comparative research, Composed of an introduction, two parts and a few different sections, It Is concluded in a some points .

In that manner, we tried to show the comparison and contrast between The Arabic textbook of one thousand and on*+e night and the Kurdish textbook one night of a thousand and two, according to the view point of the compared Library Schools. In one hand, we used the enticed Method which has the American School characteristics and depends on the esthetic critical level between both texts, on the other hand, due to the text of one thousand and one night, it falls into the folklore Literary canon .

In that manner, we depended on the Russian school because the other schools, the French and the American ones, do not approve of such folklore research .